
خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5807) پێنج شەممە 8ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



هاوۆڵاتیانی شاری سلێمانی مێژووی شکۆداری و پڕ سەروەری مستەفا بارزانی لەیادناکەن

کتێبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا) گەواهیدەری ئەو ڕاستیەیە

بابەتێک لەلاپەرە 9 بخوێنەوە



3

کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

3

سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم کۆبوونەوە



لە یادی73ساڵەی پارتیماندا خەبات دەکەین بۆ پیادەکردنی دروشمەکانی نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان

جەژنی قوربانتان پیرۆز بێت

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆز، پیرۆزبایی لە موسڵمانانی بەگشتی و موسڵمانانی کوردستان دەکەین، جەژن لە خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگەو گەلی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و کادیرو ئەندامانی پارتی و لایەنەکانی کوردستان پیرۆز دەکەین، بەم بۆنەیەوە بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان ڕادەگەیەنین، بەهۆی پشووی جەژنەوە، ڕۆژنامەکەمان دەرناچێت و ڕۆژی یەکشەمە 2019/8/17 دێینەوە خزمەتتان، دووبارە جەژنی هەموو لایەک پیرۆز بێت..

خەبات

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبۆوە و چەند بڕیارێکی دەرکرد

بڕیار درا بە گەڕاندنەوەی مووچەی زیاتر لە 13 هەزار کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت



2

دوێنێ چوارشەمە 2019/8/7 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوە، سەرەتا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە 71/2019) لە/2019 7/28 تایبەت بە ڕاگەکردنی ماددەی 140ی دەستوور کرد کە تێیدا بڕیاردرا بە زیندوو مانەوەی ماددەی ئاماژەپێکراو. لەو بارەیەوە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجوومەنی وەزیران درا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوون و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا بۆ دانانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەپێی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی.

پاشان کۆبوونەوەکە گفتوگۆی لەبارەی دارشتنی میکانیزمێکی پێویست کرد بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی هەشتەم لە بەشی چاکسازی لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاکسازی لە سیستەمی باج، بە جۆرێک دادپەروەری لە وەرگرتنی باج هەبێت.

هەناردنی کاڵا لە کوردستانەوە بۆ باشووری عێراق زیادی کردووە

ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاوردەکردنی شمەک لە تورکیا و ئێرانەوە بۆ کوردستان زیادی کردووە و لە کوردستانیشەوە بۆ باشووری عێراق، هەناردەی کاڵا و شمەک زیاد بووە.

عەتا محەمەد، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی هەناردە و هاوردەکاران لە کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: لە ساڵی 2018ەوە تا ئێستا بایی6 ملیار دۆلار لە ئێران و 10 ملیار دۆلار کاڵامان لە تورکیاوە هێناوە بۆ هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە جۆرێکی باشی بازرگانی لە کوردستان دروستبووە و لە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕێژەی بازرگانی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق گۆڕاوە. ئەوەشی خستەڕوو: لە کوردستان ڕێژەی هاوردە زیاترە لە هەناردە، بەڵام ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی بازرگانی و وڵاتان گرنگی بەم پرسە دەدەن، ئێستاش هەندێک لەو کاڵایانە بەرەو ناوچەکانی دیکەی عێراق دەڕۆن و ئەمەش دۆخەکەی لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕیوە، دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جۆرەکانی بازرگانی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و بە تایبەت سنوورەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە و کۆمپانیا بازرگانی و وەبەرهێنەرەکان ڕوویان لە کوردستان کردووە.



7

پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆرتر ئاژەڵ سەربڕدرێت بۆ قوربانیکردن

www.xebat.net
وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/8/8 ژمارە (5807)

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبۆوە و چەند بڕیارێکی دەرکرد

بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک درا بۆ بەدواداچوون و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەپێی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی

بڕیار درا باجەکانی ناوخۆی هەرێم لە رووی یاسایی و کارگێڕییەوە رێکبخرێنەوە بە شێوەیەک دادپەروەری لە باجداندا هەبێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/8/7 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە، سەرەتا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە 71/2019) لە 2019/7/28 تایبەت بە ڕاقەکردنی ماددەی 140ی دەستوور کرد کە تێیدا بڕیاردرا بە زیندوو مانەوەی ماددەی ئاماژەپێکراو. لەو بارەیەوە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجوومەنی وەزیران درا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ بەدواداچوون و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا بۆ دانانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەپێی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی.

پاشان کۆبوونەوەکە گفتوگۆی لەبارەی دارشتنی میکانیزمێکی پێویست کرد بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی هەشتەم لە بەشی چاکسازی لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە چاکسازی لە سیستەمی باج، بە جۆرێک دادپەروەری لە وەرگرتنی باج هەببێت، هەروەها گرتنەبەری هەمور ڕێکارێکی یاسایی و کارگێڕی بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج.

ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەسەر گرنگی باجدان کردەوە کە پێویستە هەمور ئەو لایەن و کەس و کۆمپانیایانەی قەرزداری حکومەتن و ئەو باجانەی لەسەریانە بە شێوەیەکی یاسایی بدەن. هەروەها پێویستە باجەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە ڕێکبخرێنەوە بە شێوەیەک دادپەروەری لەباجداندا هەبێت و ئاستی بژێوی و داهاتی تاک لە بەرچاو بگیرێت. هەروەها ڕێگە بگیرێت لە خۆدزینەوە لە دانی باج و ئەو یاسایانەش هەموار بکرێنەوە کە لەوبارەیەوە ڕێگرن.

بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکە، گفتوگۆکردن بوو دەربارەی پێداچوونەوە بە لیستی ئەو کەسانەی بە ناوی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تۆمارکراون و سوودمەندبوون لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی. لەمبارەیەوە کۆبوونەوەکە بڕیاریدا هاوتەریب لەگەڵ پرۆسەی پێداچوونەوە، بڕیاری گەڕاندنەوەی مووچەی زیاتر لە سێزدە هەزار کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتی دا. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە کاروباری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە تاوتوێکران و بڕیاری پێویستیان لەبارەوە درا. هەروەها ئەنجوومەنی وەزیران هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ڕاسپارد، کە پێشوازی گەرم و ئاسانکاری پێویست بۆ گەشتیاران بکەن کە بە بۆنەی جەژنەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر دەکات



بە مەبەستی پیرۆزبایی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، پاشنیوەڕۆی دوێنێ 7ی ئابی 2019 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی کرد لە نصرالله زارع ڕەشنودی کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر و شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی و هیوای خواست کە سەرکەوتوویێت لەکارەکەی و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

لە بەرانبەردا کونسوڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کورستانی کرد بۆ ئەو پێشوازییە و پیرۆزبایی خۆشی ئاڕاستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی. هەر لەدیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لەسەر پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە ئابووری و کولتوورییەکان کردەوە و هیوایان خواست پەرە بە پەیوەندییەکانیان لەسەر ئاستی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن.

لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کەرکووک پارتی سکاڵای لە دادگای فیدراڵیی عێراق تۆمار کردووە



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، لە دادگای فیدراڵیی عێراق سکاڵایان تۆمار کردووە. خەسرەو گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا ، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە پارێزگای کەرکووکیش ئەنجام بدرێت، ئەوان لە بڕیارەکە ناڕازی بوون.

خەسرەو گۆران لەسەر ناوەڕۆکی سکاڵاکە دەڵێت: لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بڕگەیەک زیاد کراوە، دەڵێت دەبێت ئاوارەکانی مووسڵ و کەرکووک لە پارێزگاکانی خۆیان دەنگ بدەن، ئێمە دەپرسین چۆن دەتوانن دەنگ بدەن؟ کە قەدەغەکردنی هاتووچۆ لەو ناوچانەبێت، دەیان هەزار کەس ئاوارەبن، ئەمە نادەستوورییە، لە دەستووردا دەڵێت: هەر هاووڵاتیەکی عێراق بۆی هەیە لە هەر کوێ مافی دەنگدانی هەبێت دەنگ بدات و ئاسانکاری بۆ بکرێت ئێ باشە لە دهۆک 238 هەزار دەنگدەری ئاوارەی مووسڵ هەیە چۆن دەنگ بدەن؟ لە هەولێر 138 هەزار دەنگدەری مووسڵ و پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەیە چۆن دەتوانن بگەڕێنەوە و دەنگ بدەن؟ بۆیە ئێمە لەسەر ماددەی 16ی یاسای هەڵبژاردنەکان سکاڵامان تۆمارکردووە و پێمان وایە لە دژی یاسا بڕیار دراوە. ڕوونیشی کردەوە کە پارتی بە فەرمی سکاڵای لە دادگای فیدراڵیی عێراق تۆمار کردووە. گوتیشی: ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەینەوە کە کاندیدمان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دیاری کردبێت. بەپێی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی نیسانی 2020دا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بە کەرکووکیشەوە بەڕێوە دەچێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ئیدلبەوە نیگەرانی خۆی نیشان دەدات

نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانیی خۆی نیشاندا لە دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرش، پێکدادانەکان و بە تامانجگرتنی هاووڵاتیانی سڤیل لەدوای ئاگربەستی سێ ڕۆژە لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب.

گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیفان دوجاریک لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانەی خۆیدا، ڕوونکردنەوەی دا سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەست لە لایەن هێزەکانی سەربە ڕژێم لە ئیدلب.

ستیفان دوجاریک گوتی: لە باکووری حەما، باشووری ئیدلب و خۆرئاوای حەلەب هێرشە ئاسمانییەکان و پێکدادانەکان دووبارە گرپان سەندەوە. نیگەرانیی قوولمان سەبارەت بە سڤیلەکانی ئیدلب و دەورووبەری هەیە. ستیفان دوجاریک باسی لەوەشکردووە کە لە میانی چوار مانگی ڕابردوودا بەهۆی پێکدادانەکانەوە نزیکەی500 هاووڵاتی سڤیل کوژراون و لانیکەم 400 هەزار کەس دەربەدەر و بێ ماڵوحاڵ بوون و داوای لە سەرجەم لایەنەکان و ئەوانەی کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەریان هەبێت پارێزگاریی لە سڤیلەکان بکەن لە چوارچێوەی یاسا مرۆییەکاندا.

ڕژێمی ئەسەد بەردەوامە لە هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە نێو سنووردەکانی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب.

ورمێ..لە تێکهەڵچوونێکدا دوو چەکداری سوپای پاسداران کوژران

لە ئەنجامی تێکهەڵچوونێکی چەکداری لە سنووری شاری ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێ، کە لە نێوان سوپای پاسداران و هێزێکی کوردستانی هاتە ئاراوە، دوو چەکداری سوپای پاسداران کوژران و چەکدارێکی دیکەش بریندار بووە.

بەپێی لێدوانی بەرپرسی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، شەوی لە سنوورەکانی ماکۆی سەر بە ورمێ تێکهەڵچوونێکی چەکداری لە نێوان سوپای پاسداران و هێزێکی کوردستانی هاتووەتە ئاراوە. میدیاکانی نزیک لە سوپای پاسداران لەمبارەوە بڵاویان کردووەتەوە لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونە دوو چەکداری سوپای پاسداران بە ناوەکانی ناسر مەهدی زادە خەڵکی بازرگان و ناسر سەروەری خەڵکی نازک کوژراون و چەکدارێکی دیکەش بریندار بووە. تا ئێستاش هیچ لایەنێکی کوردستانی بەرپرسیارێتی ئەو تێکهەڵچوونەی نەگرتووەتە ئەستۆ، بەڵام سەرچاوەکانی هەنگاو ڕایان گەیاندووە کە لایەنی ئەو تێکهەڵچوونە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بووە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/8 ژمارە (5807)
خەبات

لە یادی 73 ساڵەی پارتیماندا، سڵاو بۆ منداڵە چاوگەشەکانی شەهیدانی کوردستان و هاوسەر و دایکانی شەهید..

کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان پیرۆزبایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

جەخت لە گرنگیی پێکەوەژیان لە هەرێم و پاراستنی مافەکانی پێکهاتەکان کرایەوە



نیافەتی پارتریارکی کاردینال بەڕێز لویس ڕافائیل ساکۆ، سەرۆکی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان، پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.
لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارتریارکی کاردینال بەڕێز ساکۆ و شاندێکی یاوەری کە لە ئەسقوفەکانی کەنیسەکە و نوێنەرانی ئەبرشییە کلدانییەکان لە عێراق و جیهان پێکهاتبوون، تیشکیان خستە سەر دۆخی کلدانییەکان بە تایبەتی و مەسیحییەکان بەگشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و جیهان.
لە دیدارەکەدا کە دوێنێ چوارشەمە 2019/8/7 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی کەنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان کە بە مەبەستی کۆبوونەوەی سالانەیان لە هەولێرن، جەختیان لە گرنگیی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و دابینکردن و پاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کردەوە.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم کۆبوونەوە

پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان هەردوولادا هەبێت لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان



دوێنێ چوارشەمە 2019/8/7 هەردوو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی: پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان هەردوولادا هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی بڕیاریان لێ دەدرێت. مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گرنگی هەبوونی ئەو هەماهەنگییە کرد لە نێوان حکوومەت و پەرلەماندا بۆ ئەوەی هەردوولا خزمەتێکی شایستەی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکەن.

ڕێبوار تاڵەبانی: بارودۆخی کەرکووک لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا

تا ئێستاش دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری فەرمیی کەرکووکە



ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ژیار محەمەد بۆ دەنگی ئەمەریکا، باس لە پرسی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەو شارە و هەروەها دانانی پارێزگاری کەرکووک دەکات.

بارودۆخی کەرکووک لەبار نییە بۆ هەڵبژاردن

لە سەرەتای گفتوگۆکەیدا ڕێبوار تاڵەبانی ڕایگەیاندووە: تا ئێستا بارودۆخی کەرکووک لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا، ئێمە بەردەوام ئەوەمان گوتووە، بەڵام چاوەڕوانین بەپێی بەرنامەکەی سەرۆک وەزیران عادل عەبدولمەهدی کە دەبێت دیارەدەی سەربازی لە شارەکاندا نەمێنێت بۆ ئەوەی بارودۆخێکی ئازادی دروست ببێت بەپێی دەستور تا خەڵک بە ئازادانە دەنگ بدات بە نوێنەرەکانیان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکان.
ڕێبوار تاڵەبانی لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا هیچ هەوڵێک لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دوابخرێت؟ گوتی: یاساکە و بڕیارەکە دەرچووە، بەڵام ئەگەر خەڵکێک تانەی لێبدات بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەبەر بارودۆخی شارەکە دوابخرێت، کراوە بە بابەتێک بۆ ئەوەی بیری لێبکرێتەوە، بەڵام وەک گوتم لە بەرنامەی حکوومەتی عێراقدا هەیە کە نەک هەر ناوچەکانی مادەی140 بەڵکو ناوچە سوننیەکانیش ئاسایی بکرێنەوە و دیاردەی سەربازییان تێدا نەهێڵرێت بۆ ئەوەی خەڵک بە ئازادانە دەنگی خۆی بدات.

تا ئێستاش د.نەجمەدین کەریم بە فەرمی پارێزگاری کەرکووکە

سەبارەت بە وادەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ دانانی پارێزگاری نوێ، ڕێبوار تاڵەبانی دەڵێت: دەمێنێتەوە سەر ئەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بەرنامەیەکیان هەیە لە ڕێگای لیستی برایەتییەوە ئەو بەرنامەیە لەگەڵ لیستەکانی تر گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، تا ئێستا هیچ گفتوگۆیەک ئەنجامنەدراوە لەگەڵ ئەو لیستانەی تر، چونکە هێشتا لیستی برایەتی خۆی کۆبوونەوەی نەکردووە و دەبێت لیستی برایەتی خۆی کۆبێتەوە لە ناوخۆی خۆی بگاتە ڕێگایەک ئەوکات بە هەمان ڕێگا بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ لیستەکانی تر، هەتا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش نەکرێت پارێزگاری نوێ بۆ کەرکووک دانانرێت.

دەربارەی ئەوەی کۆبوونەوەی لیستی برایەتی و ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن لەسەر چ بابەتێک دەبێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕێبوار تاڵەبانی گوتی: کۆبوونەوەکان باسی ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی کەرکووک و نەک پارێزگار دابنرێت، بەڵکو دەبێت باسی بابەتی پارێزگار بکرێت، چونکە پارێزگار تا ئێستاش بە فەرمی د.نەجمەدینە، دەبێت باسی بارودۆخی یاسایی د.نەجمەدین بکرێت و دەبێت بارودۆخی کەرکووک بەو جۆرە ئاسایی بکرێتەوە ببێتە بارودۆخێکی یاسایی و دەستووری ئەوکاتە دەتوانین قسەی تر بکەین.
تاڵەبانی دەشڵێت: کاتی خۆی بە بڕیارێکی تاکڕەوانە لە پەرلەمانی عێراق، ئیقالەی پارێزگار کرا و 16ی ئۆکتۆبەریش هات بەسەریدا، بەڵام بەپێی یاسای ژمارە 71ی بڕیەر دەسەڵاتی دانانی پارێزگار هی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە نەک هی سەرۆککۆمار کە واژۆی کردووە، هەرچەندە خۆم نەمبینیوە، دەسەڵاتی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانیش نییە، بەڵکو دانان و لادانی پارێزگار کاری ئەنجوومەنی پارێزگایە بەپێی ئەو یاسایەی بڕیەر کە کەرکووک کاری لەسەر دەکات. دانانی پارێزگار و لادانی ئەرکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە.

پارتی و یەکێتی کارێکی باشیان کردووە ڕێککەوتوون

ڕێبوار تاڵەبانی گوتیشی: وەک گوتم دانانی پارێزگار و لادانی ئەرکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە ئێمە لە وڵاتێکی یاسا و دەستوربدا دەژین، ناکرێت بۆ هەموو شتێک نایاسایی بکەین، بەڵام سەبارەت بە دیاریکردنی کاندید بۆ ئەو پۆستە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە ئەوە بە تەنها ڕێککەوتنێکی سیاسییە لەنێوان دوو پارتی گەورەی کوردستان، ئێشێکی باشیشیان کردووە کە دەیانەوێت ڕێکبکەون، بەڵام ئالیەت و میکانیزمەکەی دوایی ئەنجوومەن بڕیاری لەبارەوە دەدات، چونکە ئەمە یاسایە.

بەڕێسی لقی 14ی پارتی: بڕیاربوو لە مووسڵ دەسەڵات لە حەشدی شەعبی وەربگیرێتەوە



دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری دا کە حەشدی شەعبی لە بازگەکانی نێوان هەرێم و مووسڵ بکشێتەوە، شاندێکی بەغدا سەردانی مووسڵی کرد و بڕیار درا هێزێکی هاوبەش لە نێوان سوپا و پۆلیس و حەشد دروست بکرێت و ئەو بازگانە بەڕێوە ببەن، بەڕێسی لقی 14ی پارتیش دەڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین و پێویست بوو هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست سوپا بێت و حەشدی شەعبی بە تەواوی لەو ناوچانە بکشێتەوە.
عەلی خەلیل بەڕێسی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بڕیار دراوە کە بازگەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و مووسڵ لەلایەن هێزێکی هاوبەشی سوپا و پۆلیس و حەشدی شەعبی بەڕێوە ببرێن و دەسەڵاتیش لە حەشدی شەعبی وەربگیرێتەوە و هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست سوپای عێراقدا بن، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین و پێویست بوو هەموو دەسەڵاتەکان لە دەست سوپا بێت و حەشدی شەعبی بە تەواوی لەو ناوچانە بکشێتەوە.
لای خۆشیەوە، هاشم بریفکانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ڕایگەیاندووە: چوار بازگە لە نێوان هەرێم و مووسڵ هەن و هەر چواریان لە دەست حەشدی شەعبیدا بوون، بەڵام ئێستا هێزی هاوبەش لە نێوان سوپا و پۆلیس و حەشددا پێکهاتووە و ئەو بازگانە بەڕێوە دەبەن، کە دەسەڵاتی بڕیاردان لە دەست سوپا دەبێت، بەڵام کە حکوومەت بڕیاری دابوو، بۆیە پێویست بوو حەشدی شەعبی لەو ناوچانە نەمێنێت و ئەمەش لاوازیی حکوومەت بەرانبەر بە حەشد نیشان دەدات. بریفکانی باسی لەوەشکرد، ئەو بڕیارە حکوومەتی ناوەندی دابووی نەک حکوومەتی خۆجێیی، بۆیە پێویست بوو هەر چۆنێک بێت جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی بیانسەلماندایە کە بڕیارەکانی حکوومەت دەبێ جێبەجێ بکرێن.

لە قەرەتەپە چەکداری داعش لە 6 گرووپی تیرۆریستیدا خۆیان ڕێکخستووە

هاووڵاتیانی ناوچەکە متمانەیان بە هێزەکانی عێراق نییە و داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن



تیرۆریستانی داعش لە ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە فراوانی بڵاوبوونەتەوە و هێزەکانی عێراقیش ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە، لە قەرەتەپەش300 چەکداری داعش لە 6 گرووپی تیرۆریستیدا خۆیان ڕێکخستووە. بە گوێرەی مالپەڕی پارتی، کەمال ئیبراهیم، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بڕیاردانی قەرەتەپە، ڕایگەیاندووە: تیرۆریستانی داعش بەردەوام لە خۆڕێکخستنەوەدان و کاری تیرۆریستی دەکەن و هەڵدەکوتنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل و هێزەکانی عێراق. هاووڵاتیانیش خۆیان پاسەوانیی خۆیان دەکەن، چونکە باوەڕیان بە هێزەکانی عێراق نییە، کە بیانپارێزێت. کەمال ئیبراهیم گوتیشی: هێزەکانی عێراق نەیانتوانیوە ئەمنییەت بۆ سنوورەکە دابین بکەن و ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش ببنەوە، بۆیە هاووڵاتیان داوا دەکەن جارێکی تر هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچەکە. ئەو بەرپرسەی پارتی دەشڵێت: هێزەکانی عێراق بە هاووڵاتیانیان گوتووە، ئاگاتان لە خۆتان بێت، تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکەدا سەربان هەڵداوەتەوە و خۆتان لە پەلامارەکانیان بپارێزن. بە گوتەی ئەو بەرپرسی پارتی لە قەرەتەپە ئێستا تیرۆریستانی داعش زیاتر لە 300 چەکداریان لە سنوورەکەدا هەیە، کە دابەشکراون بەسەر 6 گرووپی 50 کەسیدا و بەردەوام خەریکی خۆبەهێزکردنن.

لە یادی 73 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ، سڵاو بۆ خۆشک و برا ئێزیدیە رزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش...

ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان: دامودەزگا شەرعییەکانی شنگال نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە



شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی سنووری هەرێم، سەردەمی ئازادکردنەوەی ئەم ناوچانە تا ئێستا دانیشتووانەکەی ناتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان بەهۆی ناسەقامگیری ئەو ناوچانە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستی ڕۆژانە. سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: لە دوای ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی کە تیرۆریستانی داعش دەستیان بەسەرداگرتبوو، ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم کە بەشی هەرەزۆری دەکەونە چوارچێوەی ناوچەکانی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق وەک پێویست ئاسایی نەبووەتەوە و بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئەمەش وایکرد کە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوای ئاسایکردنەوەی ڕەوشی ئەو ناوچانە و دووبارە ئاوەدانکردنەوەیان بکەن، چونکە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئاوارەن لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی 2019/7/30 دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاریدا تا ئەوکاتەی سەرجەم ئامانجەکان ماددەی140 جێبەجێ دەکرێت، کارکردن بە ماددەی 140 بەردەوام دەبێت.لە دوای ساڵی2014 بەشی هەرەزۆری ئەو ناوچانە لە سنووری پارێزگای مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، دیالا و سەڵاحەددین کەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆریستانی داعش و دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ئەو خاکانەدا گرت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ناڵۆزترکردنی زیاتری دۆخەکە و دانیشتوانی ئەم ناوچانە دووبارە کەوتنە بەر دڕندەترین هێرش و سەدان هەزار کەسی دانیشتووی ئەو ناوچانە لە گشت پێکهاتەکان ناچاربوون ماڵوحاڵی خۆیان جێبهێڵن و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد.ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە نەگەڕانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بە تایبەتی لە دەشتی نەینەوا گوتی: ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی وێرانکارییەکی زۆر بوونەوە، سەرەڕای تێکدانیان لەلایەن داعش بەشێک لە خانووەکانیان تا ئێستا بە تەواوی لەو مین و تەقەمەنیانە پاک نەکراونەتەوە کە داعش لەدوای خۆی جێیهێشتوون و زیانی گیانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە ئەو وێرانکارییەی بەسەر شنگالدا هات پێویستی بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی ئاوەدانکردنەوە هەبوو لە هەموو سێکتەرەکانی ژیان، بەڵام نەبوونی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی وەک پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و دووبارە بونیاتنانەوەی ژێرخانی شارەکە. لەلایەکی دیکەوە دامودەزگا شەرعییەکانی شنگال نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە ئەمەش بووەتە هۆی دڕووستبوونی بۆشایەکی ئەمنی و ئیداری و کۆسپێکی گەورەی دروستکردووە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و گەڕانەوەی دانیشتوانەکەی و نیگەرانییەکی زۆری هاوواڵتییانی لێکەوتووەتەوە بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان.

نیوزیلاند داوای ناتۆی بۆ مانەوەی سەربازەکانی لە عێراقدا ڕەتکردەوە

بەگوتەی سەرۆکوەزیرانی نیوزیلاند سەربازەکانیان لە ماوەی 12 مانگدا لە عێراق دەکشێنەوە



حکوومەتی نیوزیلاند داواکاری مانەوەی وەک بەشێکی ئەرکی نوێی ناتۆ لە بنیاتنانەوەی دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق ڕەتکردەوە. ڕادیۆی نیوزیلاند پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی کابینەی حکوومەتی ئەو وڵاتە بڵاویکردەوە کە داواکاری مانەوە لە عێراق کە لە لایەن ناتۆوە ئاراستە کراوە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر کراوە و پەسەند نەکراوە.

وەزیری بەرگریی نیوزیلاند، ڕۆن مارک ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە داواکارییەکەی ناتۆ بە هۆکاری 'بەجێگەیاندنی ئەرک لە عێراق ڕەتکراوەتەوە و هاتووە ئەو بانگێشتانەمان ڕەتکردەوە. بە چاوخشاندنەوە بە بەڵێنەکانمان کە ماوەیەکی زۆرە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان دڕێژەی هەیە تیشکمان خستە سەر پاسیفیک، کەناراوەکانی زەریای هێمن و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا دەبینین کە لە ناوچە نەریتییەکاندا زیاترە. لە هەواڵەکەدا باس لەوەش کراوە کە یەکەمجار لەلایەن سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ و لە میانی سەردانی سەرۆکوەزیرانی نیوزیلاند، جاسیندا ئاردێرن بۆ بارەگای ناتۆ داواکاری مانەوەی سەربازانی نیوزیلاند لە عێراق و وەرگرتنی ئەرکی نوێ پێشکەشکراوە، هەروەها ئەو داواکارییە دووبارە لە لایەن یانس ستولتنبێرگ لە میانی سەردانیدا بۆ نیوزیلاند لە هەفتەی ڕابردوودا دووبارە کرایەوە. سەرۆکوەزیرانی نیوزیلاند، جاسیندا ئاردێرن لە حوزەیرانی 2019دا، ئامانجی بەوەکرد کە ماوەی ئەرکی یەکەکانی وڵاتەکەی کە لە عێراق و ئەفغانستان هەن درێژ ناکەنەوە و بە شێوەیەکی پلە بە پلە لە ساڵی 2020دا دەیانکێشنەوە. هەروەها ئاردێرن باسی لەوەکرد کە سەربازانیان لە عێراق لە میانی 12 مانگ و لە ئەفغانستان لە میانی18 مانگدا دەگەڕێنەوە بۆ وڵات.

سەربازانی نیوزیلاند لە 2015دەوە تا ئێستا لە بنکەی سەربازی تاجی هاوشان لەگەڵ سەربازانی ئوستڕالیا ئەرکیان هەیە و هاوکاری مەشقپێکردنی زیاتر لە44 هەزار سەربازی عێراقیان لە ئەستۆگرتووە لە



کەمانچەیەک عەرشی ئیسلامیی سیاسی لە عێراقدا هەژاند

مەریوان نەقشبەندی

هەفتەی ڕابردوو لە کاتی کردنەوەی پاڵەوانییەتی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی پێ، خاتو جویل سەعاد کەمانچەژەنی ناسراوی لوبنانی ئاوازی سرودی نیشتیمانی پێشکەش بەنزیکەی30 هەزار کەس کرد کە ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی ئەم پاڵەوانییەتە بوون لەناو یاریگا نوێیە نێودەوڵەتییەکەی شاری کەربەلا. ئەم خاتوونە لێهاتووە بەچەپڵەڕێزان لەلایەن گەنجانی کەربەلا پێشوازی کرا، بەڵام کەوتە بەر هێرشێکی توندی بەشێک لە سیاسی و عەمامەبەسەرە شیعە دەسەڵاتدار و خاوەن نفوزەکانی عێراق و ئەو کارەیان بە سووکایەتیکردن بەپیرۆزیەکانی شیعە و ئیمامی حوسێن وەسفکرد و هەندێکیش لە وتاری هەینیدا داوای داخستنی ئەم یاریگایە و سزادانی پاریزگاری کەربەلایان کرد. لەناو ئەوانەشدا نوری مالیکی بەرپرسی یەکەمی حزبی دەعوە و سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق.

بەڵام لەبەرامبەردا شاڵاوێکی گەورەی پشتیوانی بۆ ئەم خاتوونە کەمانچەژەنە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرپا بوو بەجۆرێک بەسەدان هەزار گەنج و هاوواڵتی عێراقی پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەم خاتوونە و پاریزگاری کەربەلا دەربڕی و هێرشێکی تووندیان کردە سەر هەموو ئەو سیاسەتوان و کەسایەتییە ئاینییانەی کە دژی ئەم ئاهەنگەی یاریگای کەربەلا قسەیان کردبوو. هاوواڵتیان و گەنجانی عێراقی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان پڕکردبوو لە وشەی وەسف و ستایش بۆ ئەم خاتوونە کەمانچەژەنە لوبنانیە و ئامادەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئەم ئافرەتە کەمانچەژەنە عەرشی هەموو ئەو سیاسی و عەمامەبەسەرە گەندەڵانەی هەژاندووە کە ساڵانێکە بەناوی دین و پیرۆزیە ئاینیەکانی شیعەوە وڵات بەرەو هەڵدێر دەبەن و نەفەسی ئازادی و خۆشیان لە عێراقدا نەهێشتبوو. یەکێک لە ڕۆشنبیرانی شاری کەربەلا لە لاپەڕەی خۆی ئەم چەند دێڕەی نوسیبوو: وەرزش و مۆسیقا پیرۆزیەکان پێشێل ناکەن بەڵکو خۆشەویستی و هیوا دەخەنە ناو گەلی عێراقەوە، بڕۆن پیرۆزیەکانتان لەناو خوێنمژینی ناو نەخۆشخانە و قوتابخانە و شوێنە بێ خزمەتگوزاریەکانی تری عێراقدا بسەلمێنن.

ڕۆژنامەنووس مستەفا ناسر سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە کەربەلا پێی ڕاگەیاندم: سیاسی و عەمامەبەسەرە دەسەڵاتدارەکانی شیعە لە عێراقدا دەیانەوێ بەم ئیستینکارە بێ پاساوە شکستی خۆیان لە ئاراستەکردن و خزمەتکردنی خەڵکی کەربەلا و عێراق بەگشتی بدزنەوە، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە جەماوەری ئیسلامی سیاسی و عەمامەبەسەرەکانی بازرگانیی بەخوێنی حوسەینەوە دەکەن و عێراقیەکانیان خستۆتە زەلکاوی جەهالەتەوە، بەجۆرێک هەرەسی هێنا کە ڕەنگە لەهەر هەڵبژاردنێکی ئایندە لەعێراقدا خۆری ئیسلامی سیاسی و حزبە دینییەکان ئاوابێت و عێراق بڕواتە قۆناغێکی نوێوە.

حوسییەکان بە مووشەک سەربازگەیەکی سعوودییە بۆردوومان دەکەن

گوتەبێژی حوسییەکان یەحیا سەریع، ڕایگەیاندووە کە حوسییەکان مووشەکێکی بالیستیان ئاڕاستەی سەربازگەیەک لە باشووری ڕۆژئاوای سعوودیە کردووە و بەهۆیەوە دەیان سەربازی سعوودیە و یەمەن کوژران و بریندارببوون. گوتەبێژی حوسییەکان. یەحیا سەریع لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە: مووشەکێکی بالیستی جۆری بەدر Fیان ئاراستەی سەربازگەیەک لە پارێزگای نەجران باشووری ڕۆژئاوای سعوودیە کردووە . یەحیا سەریع ڕاشیگەیاندووە کە مووشەکەکە بە جۆرێک ئامانجەکەی پێکاوە کە دەیان سەربازی سعوودیە و یەمەن کوژران و بریندارببوون. یەحیا سەریع باسی لەوەشکردووە، مووشەکە بالیستییەکە لەو کاتەدا ئاراستەی سەربازگەکەیان کردووە کە هاوپەیمانیەتی عەرەبی بە ڕابەرایەتی سعوودیە ئاکامەکانی سەرکوتکردنی زیاتری دۆخەکە و دانیشتوانی ئەم ناوچانە دووبارە ڕەتکراوەتەوە و هاتووە ئەو بانگێشتانەمان ڕەتکردەوە. بە چاوخشاندنەوە بە بەڵێنەکانمان کە ماوەیەکی زۆرە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان دڕێژەی هەیە تیشکمان خستە سەر پاسیفیک، کەناراوەکانی زەریای هێمن و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا دەبینین کە لە ناوچە نەریتییەکاندا زیاترە. لە هەواڵەکەدا باس لەوەش کراوە کە یەکەمجار لەلایەن سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ و لە میانی سەردانی سەرۆکوەزیرانی نیوزیلاند، جاسیندا ئاردێرن بۆ بارەگای ناتۆ داواکاری مانەوەی سەربازانی نیوزیلاند لە عێراق و وەرگرتنی ئەرکی نوێ پێشکەشکراوە، هەروەها ئەو داواکارییە دووبارە لە لایەن یانس ستولتنبێرگ لە میانی سەردانیدا بۆ نیوزیلاند لە هەفتەی ڕابردوودا دووبارە کرایەوە. سەرۆکوەزیرانی نیوزیلاند، جاسیندا ئاردێرن لە حوزەیرانی 2019دا، ئامادەی بەوەکرد کە ماوەی ئەرکی یەکەکانی وڵاتەکەی کە لە عێراق و ئەفغانستان هەن درێژ

ئێران بەرهەمهێنانی سێ موشەکی نوێ ئاشکرا دەکات



دەسەڵاتدارانی ئێران ڕۆژی سێشەممە سێ موشەکیان ئاشکرا کرد کە بە لێژدر ئاڕاستەی ئامانجەکان دەکرێن. بەگوێرەی ماڵپەڕی دەنگی ئەمەریکا وەزیری بەرگری ئێران ڕایگەیاندووە: خستنەڕووی ئەم موشەکانە ئامادەیی ئێران نیشان دەدات بۆ بەرگریکردن لە خۆی بەرانبەر پیلانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەم موشەکە نوێیەی ئاسمان بۆ ئاسمان بە ناوی یاسین و هەروەها ئەوەشی بە ناوی قائیم پێکەوە بە هاوبەشی وەزارەتی بەرگری و پیشەسازی ئەلکترۆنی بەرهەم هێنەدراون. ئەمیر حاتەمی وەزیری بەرگری ئێران ستایشی هەڵدانی موشەکی یاسینی کرد و بە دەستکەوتێکی مەزن بۆ توانای کۆماری ئیسلامی ئێران ناوی برد و گوتیشی: وێڕای پیلانەکانی ئەمەریکا، وەزارەتی بەرگری ئێران بۆ یەک چرکەساتە دوودڵی ناکات لە بەرگریکردن لە کۆماری ئیسلامی و فراوانکردنی ئاستی ئاسایشی وڵات.

ئاژانسی فارسی ئێرانی ڕایگەیاندووە موشەکی یاسین زیرەک، موشەکێکی وردە و بە لێژدر ئاڕاستە دەکرێت و بالەکانی دەنوشتێتەوە و دوای گەڕمی دەکەوێت و دەتواندرێت لە فڕۆکەوە لە دووری 50 کیلۆمەترەوە ئاڕاستەی ئامانجەکەی بکرێت. هاوکات موشەکی جۆری بالەبان بە جی پی ئێس و سێنسەرەوە ئاراستە دەکرێت، ئەمیشیان بالەکانی دەنوشتێنەوە و دەتوانرێت لەژێر فڕۆکەکە ببەسترێت ئاشکراکردنی ئەمجۆرە موشەکانە لەلایەن ئێرانەوە هاوکاتە لەگەڵ ئالۆزبوون و بارگرژی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران، کە لە ئاکامی کشانەوەی یەکلایانەی ئەمەریکا لە سەودا ئەتۆمیەکەی زلهێزانی جیهان لەسەر پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران دەستەبەریان کرد.

کورد و کەرکووک



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

بەڕێز سەرۆک بارزانی لە بەیاننامەیەکدا کە لە 2019/7/14 لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارەی (5788) بڵاوکراوەتەوە، وەک نیەتسافی بۆ ئارامی و تەبایی ناوچەکە لە سەرەتادا بە ڕای گشتی و سەرانی عێراقی و گەلانی عێراقی گوت کەرکووک شاری برایەتییە، شاری پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەکانە، قەناعەتێکی تەواو دووبارەشی کردەوە پێشووتریش هەروای فەرموو و ئەم بیروباوەڕەی هەڵگرتووە و هەڵوێستی ڕێبازی بارزانی نەمرە ئەوەشیان لە وەچەگەرەکەی گرتووە، بوونی قەناعەتێکی موتڵەقی ڕێبازی بارزانی بە دادپەروەری و یەکسانی، بۆیە چ لەکاتی ئاشتی و چ لەکاتی نائارامی و تەنگەژەکانیش ئەم بڕوایە نەگۆڕ بووە لە فەلسەفەی بارزانی لای هەموانیش ئاشکەرایە بەتایبەتی ئەوانەی لەو ڕێبازە نزیکن.

بەڵێ لامان سەیر نییە و نوێش نییە کە سەرۆک بارزانی تەئکید لە پێکەوەژیانی گشت لایەنەکان دەکاتەوە و دەفەرموێت دەبێ کەرکووک شاری پێکەوە ژیان بێت و ئەمەش خاڵی بەهێزی پارتی و بارزانی بووە و هەرگیز بیریان لە پاوانخوازی نەکردووەتەوە و لە کەرکووک هەر گوتراوە و دەگوترێت کەرکووک شاری کەرکوکییەکانە لەوەش زیاتر قبوول نییە لەژێر هەر پاڵەپەستێیەک بێت ڕەتکرایتەوە و ڕەتدەکرێتەوە، چ تەعریبی عەفلەقییەکان بێ و چ شۆڤێنییەتی ئەتاتورک بێت هەروەک ئەوەی چەندین ساڵە کراوە و دەکرێت و ئێستاش دیارە بە ناوی کەرکووکییەکان دەیکەن، کەسانێک دێنن لە دەرەوەی کەرکووک و کەرکووکی نین و بە ڕای گشتی نیشان دەدەن کە خەڵکی کەرکووکن دەڵێن کەرکووک شارێکی عێراقییە یان یەکێکی تر بە کرێگیراوی ئەجێندای دەرەکییەکانە و ئەو دەڵێت: من تورکمانم و قبوولم نییە پارێزگار کوردی بێت!

بە هەرحاڵ ئەم قسانە بڵقی سەرئاون و تەواو دەبن، لە کاتی گوتنیان بێ بنەمان و بۆیە بەبێ نرخیش دەمێننەوە، بەڵام ڕەنگە لێرەولەوێ هەروەک گوتەنی (مێش هیچ نییە بەڵام مەعیدەت دەگرێت) مەعیدەمان بگرن، بەڵێ ئەم قسانە بەرانبەر بە ویستی میللەتی کورد بڵقی سەر ئاوە، زروف زەمەنە، دەستی دەرکیی لەگەڵدایە و خیانەتی خۆفرۆشانی 16ی ئۆکتۆبەری ئەم نەفەسەی داوەتەوە بە ناحەزان، بەڵام ئەوەشی تەواو دەبێت ئەم گۆڕانانە کە نا تەندروستن لە کەرکووک هاتنە پێش تەمەن کورتن ئەوەی تەمەندرێژە و بەردەوامی و بوونی هەیە و دەمێنێت، ئەوەیە کە باسی تەبایی و برایەتی و یەکسانی دەکات، ئەویش کە ڕێبازی پارتی و بارزانییە، بەڵام لە ژێر چ ناونیشانێکدا کە ئەوەیان گرنگە و ناوەڕۆکی بابەتەکەیە و دەبێ دۆست و دوژمن بیزانێت، لەژێر ناونیشانی (کەرکووک شارێکی کوردستانییە) ئەوە ڕاستییەکەیە و لەوە زیاتر قابلی قبوول نییە، بەڵێ کەرکووک هی کوردستانییە، بەڵام کورد بڕوای بە برایەتی هەیە، بۆیە قبوولییەتی بڵێین کەرکووک کوردستانییە، هەروەک ناوی حزبەکەی ڕێبازی بارزانیش (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە، بەڵێ کوردستانین ناسنامەی کەرکووک کوردستانییە، فەرمووەی سەرۆک بارزانییە و ناسنامەی هەموو کوردێکی بە شەرەف کەرکووکییە، چونکە بارزانیی نەمر فەرموویەتی (کەرکووک دڵی کوردستانە) ئەم فەرموودیشە ڕێباز و ژیان و خەباتمانە! بۆیە کەرکووک کوردستانییە و هەموو کوردیش کەرکووکییە.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارێزگای هەولێر (پ.د.ک).**

هۆڵەندا.. لەیلا تەعلۆ لە سیمینارێکدا لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی پەیامی ئافرەتانی ڕفێندراو و ژێردەستی داعشی بە کۆمەڵگەی ئەوروپی گەیاند

ئێزیدییەکان سوپاسگوازی حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانن بۆ بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی شنگال



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

لە یادی 5 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کارەساتی دڵتەزین و تراژیدیای کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانی شنگال، ڕێکخراوی هیفوسی هۆڵەندی لە شاری لاهایی هۆڵەندا لە هۆڵی مالی مرۆڤایەتی سیمینارێکی بۆ خاتوو لەیلا تەعلۆ کچە ئێزیدی ڕفێندراوی دەستی داعش سازکرد، بەشێکی بەرچاو لە کوردانی ئێزیدی و ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی هۆڵەندی ئامادەی مەراسیمەکە بوون، بە مەبەستی خستنەڕووی بەشێک لە چیرۆکی خۆی و هەموو ئەو ئافرەت و کچانەی وەک خۆی ڕفێندراون و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە و کڕین و فرۆستنیان پێوە دەکرێت.

سەرەتا نوێنەری ڕێکخەری سیمینارەکە لە گوتەیەکدا باسی لە دروستبوونی ڕێکخراوەکەیان و ئامانجەکانی و کارەکانی کرد کە لە چەند وڵاتێکی جیاواز جێگەی دەستی دیارە بە کوردستانیشەوە، بۆ ئەم یادکردنەوەیە و تێپەڕبوونی5 ساڵ بەسەر ئەم کارەساتەدا لەسەر ئەرکی خۆیان خاتوو لەیلایان بردووە بۆ هۆڵەندا بۆ چەند ڕۆژێک و ئەم سیمینارە کە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی وڵاتەکەیان لە نزیکەوە گوێبیستی یەکێک لەو ئافرەتە ڕفێندرا و ڕزگاربووە بین کە لە 3ی ئابی 2014 لە فەرمانی74 دا ئەم کارەساتە لە میژووی خوێناویاندا ڕوویدا، پاشان خاتوو لەیلا تەعلۆ سوپاسی ئەم ڕێکخراوەی کرد بۆ دەرفەتە و ئەم ئەرکەیان کە لە نزیکەوە لە وڵاتێکی ئازاد و دیموکراسی وەک هۆڵەندا تیرۆریستانی داعش و ماوەی دوو ساڵ و نیو ڕووبەڕووی تووندترین ئازاری دەرونی و جەستەیی بووەوەتەوە، چیرۆکی ڕفاندن و ئازادکردنی ژنان بە دریژی بۆ ئامادەبووان باس کرد کە هاوکات بۆ هەردوو زمانی هۆڵەندای و ئینگلیزی وەردەگێڕدرایە و لە بەشێکی تری قسەکانیدا هاتە سەر باسکردنی ئەو پەرتووکەی بە چەند زمانێک پەرتووکەی بە لەیلایەن وەرگێڕدراوە کە لەلایەن هەمان ڕێکخراو کراوەتە زمانی ئینگلیزی و لەلایەن خالید تەعلۆی برای لەیلا پەیامێک بوو کە زۆر بەڕوونی ئیدانەی ئەو دەستێوەردانە دەکات لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان لە دوای پێنج ساڵ لە دووری زێدی خۆیان نایەڵن بگەڕێنەوە شار و گوندەکانیان بە تایبەتی شنگالی کاولکراو ئاوەدان بکەنەوە کە تائێستاش زۆرینەیان لەژێر خێمە و نێو ئۆردوگاکانی ئاوارەکاندا ژیان بەڕێ دەکەن و داوای کرد وڵاتانی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست بێدەنگی بشکێن و چاوپۆشی لەو تاوانە نەکەن، بە هەڵوێستەوە لە دادگایەکی تایبەتی کوردستان بۆ ئەو تاوانانەی کە دژی مرۆڤایەتی کراون و هێشتا بێ سزان و ڕایگەیاند کە ئەوان بەردەوام دەبن لە بەرگریکردن لە مافەکانی ئێزیدییەکان و ئەو ڕاستییانەی کە ڕووبەڕوی بوونەتەوە بۆ جیهانی دەرەوە ئاشکرا بکەن

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەممە 2019/8/8 ژمارە (5807)
www.xebat.net

لەیادی 16ی ئاب، بکەینە هەوێنی یەکڕیزی گەلی کوردستان و تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی

کاکەمین نەجار: ڕۆڵی مامۆستایان لە قۆناغە سەختەکان لە بیرناکەین



بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بایز زراری و فارس قادر ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و کارگێڕانی لقی دوو و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی ئاراس و هەڤاڵانی لێژنە ناوچە،کاکەمین نەجار لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کادیر و هەڤاڵانی سنووری لێژنەی ناوچەی ئاراس کۆبوونەوە.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا،ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بە دڵسۆزی و ئەمەکداری هەڤاڵانی سنووری لێژنەی ناوچەی ئاراس کرد کە لە ڕۆژانی سەختی ئابووری کوردستاندا نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بوەستێ و گوتی:ئەوە نموونەی خاک و یەستی و نیشتیمانپەروەری و خەمخۆری بوو بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژ و ئایندەی کوردستان. دواتر کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر لە وتەیەکیدا باسێکی کورتی میژووری پڕ لە سەروەری و خەباتی پەروەردەیی مامۆستایان کرد هەر لە سەردەمی شۆرشدا،تا دەگاتە ڕۆژانی سەختی دوای ڕاپەڕین و ساڵی 2003یش کە هەموو ڕێگاکانی ژیان لەبەردەم گەلی کوردستان داخران و ئەوان هەر بەردەوام بوون و نەیانهێشت بۆ ڕۆژێکیش پرۆسەی پەروەردە پەکی بکەوێت،کاکەمین نەجار پێشی وابوو گەلی کوردستان هەرگیز ئەو هەڵوێستە دڵسۆز و جوامێرانەی مامۆستایان لەبیر ناکات. لە بەشێکی دیکەی قەسەکانیدا،کاکەمین نەجار ئاماژەی بە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کرد دوای سەردانە گرنگەکەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی پرسی ماددەی 140و دۆسێی نەوت و بودجە و موچەی هەرێمی کوردستان کە ئومێدی بۆ خەڵکی کوردستان دروستکردووە جارێکی دیکە بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بە مەبەستی چارەسەرکردن یاخود دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی باج و ڕسومات، لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، کۆنفرانسێک ئەنجام دەدەین.

گەیلان حاجی سەعید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و نارنکاران، بۆ مالپەڕی کوردستانیدا نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بوەستێ و گوتی:ئەوە نموونەی خاک و یەستی و نیشتیمانپەروەری و خەمخۆری بوو بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژ و ئایندەی کوردستان. دواتر کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر لە وتەیەکیدا باسێکی کورتی میژووری پڕ لە سەروەری و خەباتی پەروەردەیی مامۆستایان کرد هەر لە سەردەمی شۆرشدا،تا دەگاتە ڕۆژانی سەختی دوای ڕاپەڕین و ساڵی 2003یش کە هەموو ڕێگاکانی ژیان لەبەردەم گەلی کوردستان داخران و ئەوان هەر بەردەوام بوون و نەیانهێشت بۆ ڕۆژێکیش پرۆسەی پەروەردە

کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا: داوام لە ژووری بازرگانیی ئەمەریکا کردووە هەنگاوەکانی کارکردن لە کوردستان خێراتر و فراوانتر بکات



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئاندرو لێنتز بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا و دلێر سابیر محەمەد پسپۆری سیاسی لە کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر کرد. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری لە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا باسیان لە ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و پەیوندییەکانی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق و پرسی کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان بەپێی دەستوور لە پێناو ئارامی ئاسایشی ناوچەکەو باشترکردنی ڕەوشی ژیانی خەڵک بەگشتی و هەماهەنگییەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق بۆ ڕووبەرووبونەوەی تیرۆرو داعش باسی لێوەکرا، پاشان بەرپرسی پەیوندییەکان تەئکیدی کردەوە پارتی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و کوردستان هەمیشە پشتوودێژبوەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئامانجی بووە پرۆسەی سیاسی سەربکەوێت و حکوومەتێکی بەهێز بە بەشداری لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان پێکبهێنرێت و ئەمڕۆ بەکردەیی ئەم هەنگاو ئامانجە کە پارتی مەبەستی بوو بە بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ چوار ساڵی ئایندە لەپێناو خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بێتەکایەوە. بەرپرسی سیاسی و ئابووری کونسوڵی ئەمەریکا تەئکیدی کردەوە ئەمەریکا پاڵپشتی حکومەتی کوردستان دەکات لە هەموو پرسەکانی سیاسی و ئابووری کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق و تەئکیدی کردەوە قسەیان لەگەڵ ژووری بازرگانی ئەمەریکا کردووە هەنگاوەکانی کارکردن لە کوردستان خێراترو فراوانتر بکەن و تەئکیدیشی کردەوە ئەمەریکا بەدڵستی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە، هەرلەو دیدارەدا تەئکید لەهەماهەنگییەکان بۆ خزمەت کردن و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان کرایەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو نوری میرزا حەمە موراد

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەوڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە مەزنی ئەیلوول نوری میرزا حەمە مورادمان پێگەیشت.

خوالێخۆشبوو نوری میرزا، وەک پێشمەرگەیەکی بەوەفا و لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر بوو، جگە لەوەی شەهید سەرکەوت-ی پێشکەش بە نیشتمانەکەی کرد، برایەکیشی بەناوی عومەر میرزا شەهیدی ڕێگەی ئازادی نەتەوەکەی بووە.

هاوخەمی خانەواده تێکۆشەر و بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو نووسەر و لێکۆڵەر عەلی کەندی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبێت نووسەر و لێکۆڵەر عەلی کەندی- مان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبێت بە بەهەشت شاد بکات و سێبووریش بە ئێوە و کەسوکاری و نووسەرو ئەدیبان ببەخشێ.

انالله وانا الیه راجعون

***

بە داخەوە، بە کۆچی دوایی مامۆستا عەلی کەندی کانییەکی ئیجگار سازگاری کەلتووری وشک بووەوە...

کۆچکردووی نەمر مامۆستا عەلی کەندی گەورە نووسەرو لێکۆڵەرێکی وردبین و ڕوونا کبیرێکی بوێری پراوپڕی کلتووری هەمە چەشن و هەمە ڕەهەندی میژوویی، کۆمەڵایەتی و مرۆڤپەروەر بوو، بۆیە کۆچەکەی زیانێکی هەرە گەورەی نیشتیمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان بوو.. هەزارو یەک حەیف و مخابن بۆ ئەو قەڵەمە بالآ دارچنارە.

مومتاز حەیدەری


2019/8/7

بەهلکەفتا هاتنا 16ی تەباخێ هاریکارێن دراڤی لسەر کەسوکارێن شەهیدا هاتنە پارڤەکرن



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤسینگەها شەهیدان ب هەلکەفتا 16 تەباخێ ل سنورێن لیژنا ناوچا شورەش و لیژنا ناوچا ئازادی دگەل هژمارەکا بەرچاڤا مالباتێن شەهیدان کومبون، دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئامازە دا وێ ئێکێ کو عەزیزێن هەوە د شرینەها وەلاتی دا جانێ خوە یێ پیرۆز کریە قوربان داکو نڤشێ ئەڤرو ب ئازادی و ئارامی بژیتن و ئەڤ هاریکارێن ئەم پێشکێشی هەوە دکەین و چارەسەریا نەخوشێن هەوە ئەرکەک لسەر ملێن خوە دزانین، مالباتێن شەهیدان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن کو هەردەم هەولا وی ئێکێ دایە کو گرنژین بکەفیتە سەر دەڤ و چاڤێن مالباتێن شەهیدان.

وەزیری ناوخۆ: ئێران دراوسێیەکی گرنگە و پەیوەندیی میژوویی و جوگرافی و ئابووری هەردوولا بە یەکترەوە دەبەستێتەوە



دوێنێ ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە نەسرولا خۆشنوودی کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد. سەرەتای دانیشتنەکە، کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی وەرگرتنی ئەرکی تازەی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانیدا، ڕاشی گەیاند کە بەهۆی تازە دەستبەکاربوونی بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکان و خۆناساندنی ئەم سەردانەی ئەنجام داوە، هیواشی خواست هەماهەنگی و هاریکاریی نێوان هەردوو لا بەردەوام بن و زیاتریش بەرەو پێش بچن. لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست و ڕای گەیاند کە ئێران وڵاتێکی دراوسێی گرنگی هەرێمی کوردستانە و پەیوەندیی میژوویی و جوگرافی و ئابووری و بازرگانیی گرنگ هەردوولا بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، ئومێدی بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەم پەیوەندییانەشی خواست و ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆشی نیشان دا بۆ پتەو کردن و بەرەو پێشچوونی زیاتری پەیوندییەکان.

حکوومەتی هەرێم کار بۆ کەمکردنەوەی باج و ڕسوومات دەکات

فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: بە مەبەستی چارەسەرکردن یاخود دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی باج و ڕسومات، لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، کۆنفرانسێک ئەنجام دەدەین، کە تێیدا ژمارەیەک بازرگانیش بەشدار دەبن، بۆ ئەوەی گوێ لە داخوازییەکانیان بگرین. حاجی سەعید دەشڵێت: بازرگانان نرخی کاڵا و شتومەکەکانیان بەرز کردووەتەوە بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی باج لەسەر ئەو کاڵایانەی هاوردە دەکرێن. ئاماژەی بەوەش دا: داوامان لە بەرپرسانی پەیوەندیدار لە حکوومەتی عێراق کردووە، کە بەشداری کۆنفرانسەکە بن، بۆ ئەوەی بە هەردوولا چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی بڕی باج و ڕسومات بدۆزینەوە.

کەمکردنەوەی باج و ڕسومات، لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، کۆنفرانسێک ئەنجام دەدەین. گەیلان حاجی سەعید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی هاوردە و نارنکاران، بۆ مالپەڕی

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی 53 تۆمەتباری ڕاگەیاند



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕوونیکردەوە: هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و نەهێشتنی تاوان هەمیشە چاوکراوەن لە پێناو پاراستنی سەرو ماڵ و گیانی هاوواڵتیان و ئەو هێمنی و ئارامییە وایکردووە کە گەشتیاران و خەڵکی بیانی وڵاتان بە فراوانی ڕوو لە کوردستان بکەن. دەربارەی ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی کە دەستگیرکراون بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر گوتی: لەدوای جەژنی ڕەمەزانەوە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس 53 تۆمەتبار دەستگیرکراون، کە تاوانی جیاجیایان ئەنجام داوە، لەنێوانیان 7 کەس بە تاوانی کوشتن تۆمەتبارن دەستگیرکراون جگەلەوەش3 باندی دزیکردن دەستگیرکراون کە تۆمەتبارن بە دزینی کەلوپەلی ناو ژمارەیەک ئۆتومبێل کە لە شوێنە گشتیەکانی وەستاندنی ئۆتومبیل وەستاون، بە هەروەها گوتی: بە هاوواڵتیانی ڕادەگەیەنین کە هێزەکانی پۆلیس هەمیشە چاوکراوەن و لەخزمەتی هاوواڵتیاندانە.

سۆران... بارهەڵگرێک گۆشتی بەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سۆران، دەستی بەسەر بارهەڵگرێک خواردەمەنی و کەلوپەلی بەسەرچووەدا گرت، کە لە دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە هێنرابوو.بارهەڵگرەکە خواردنی قەدەغەکراوی هێناوە، بەڵام لەلایەن ئاسایشی سۆرانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.سیامەند حەسەن، بەرپرسی نووسینگەی بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران بە k24ی ڕاگەیاند ئەو بارە دونگی ئاژەڵ و جگەری مریشکە کە بۆ خواردن هێنراوە و شەوی ڕابردوو زانیاریان پێگەیشتووە کە بارهەڵگرێکی لەو جۆرە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و ئەوانیش دوای کۆکردنەوەی زانیاری و گەڕان و بەدواداچوون، لەناو بازاڕی سۆران دەستیان بەسەر بارهەڵگرەکەدا گرتووە.

ئەو بەرپرسەی ئاسایش ڕایگەیاند، بازرگانەکە خەڵکی سلێمانییە و ویستوویەتی بارەکە ببات‌ەوە سلێمانی و تەنها شۆفێرەکەی دەستگیرکرا، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە شۆفێرەکە تەنها بارەکەی گواستووەتەوە و پەیوەندی بە بازرگانییەکەوە نییە، بۆیە بە شێوەی کەفالەت ئازادکراوە.

سااڵی رابردوو زیاتر لە 3 ملیۆن و 800 هەزار ئاژەڵ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون

پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆرتر ئاژەڵ سەربڕدرێت بۆ قوربانیکردن



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

هەموو ساڵێک بەرلەهاتنی جەژنی قوربان ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان ڕووبە کڕینی ئاژەڵ دەکەن بەمەبەستی سەربڕین ئەو سەربڕینەش لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەچەند شێوازێک ئەنجام دەدرێ و لەهەموویان پێشکەوتووترین سەربڕینی ئاژەڵە لەگۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر، هاوکات لە نێو ماڵان یان لە مەیدانی ئاژەڵانی هەولێر ئاژەڵانی هەولێر تێبینی دەکرێت بۆ ئەمساڵ قوربانیەکی زۆر دەکرێت و لەوێدا ئاژەڵی هاوردەش هەبوو بۆ فرۆشتن. دەربارەی ئامادەکردنی ئاژەڵ بۆ جەژنی قوربانی پیرۆز وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد:

هاووڵاتیان:
بۆ ئەمساڵ ژمارەیەک ئاژەڵ ئامادەکراوە بۆسەربڕین

هەرکە سەردانی مەیدانی ئاژەڵانی شاری هەولێرمان کرد جەنجاڵیەکی زۆری ئەو کەسانەی لێ بوو کە بۆ کڕینی ئاژەڵ هاتبوون بۆ جەژنی قوربانی پیرۆز لەوێدا ژمارەیەک لە هاووڵاتیان و قەسابەکانمان دواند:

عەلی کەریم بۆ کڕینی ئاژەڵ سەردانی مەیدانی ئاژەڵانی کردبوو ووتی: ئەمساڵ خەڵکێکی زۆر قوربانی دەکەن و نرخی ئاژەڵیش هەرزان نییە و ئاژەڵی گەورەو بچووک دەفرۆشرێت وحەزدەکەم ئاژەڵێکی گەورە بکڕم، بەڵام بەو پارەیەی من دامناوە ئاژەڵی گەورە ناکڕدرێت.

کازم قادر ئەویش بۆکڕینی ئاژەڵ هاتبوو گوتی: لە ئێستادا نرخی ئاژەڵیان گران کردووە لەبەر ئەوەی خەڵێکی زۆر خۆی بۆ قوربانی کردن ئامادە دەکات، پێویستە هاووڵاتیان مادامەکێ بەبۆنەی جەژنی قوربان خێردەکەن پاشماوەی ئاژەڵەکە فڕێ نەدەنە بەردەرگاو ژینگە پیس نەکەن.

فاخیر بۆ کڕینی ئاژەڵ هاتبوو گوتی: پارسااڵ ویستم قوربانی بکەم، بەڵام نەمتوانی لەبەر ئەوەی قەیرانی دارایی هێشتا بەرۆکی بەرنەدابووین، بۆیە هەوڵمدا ئەمساڵ قوربانی بکەم.

بەختیار کەسێکی دیکەبوو بۆ کڕینی ئاژەڵ هاتبوو گوتی: ماوەی چەندین ساڵە قوربانی دەکەم و دابەشی سەر ماڵە هەژارەکانی دەکەم، هەرچەندە نرخی ئاژەڵ بەرز دەبێتەوە لەگەڵ ئەوەش قوربانیەکە هەردەکەم.

لەمەیدانی ئاژەڵان ژمارەیەک لە قەسابەکانمان دواند

مەولود قەساب گوتی: لەبەر ئەوەی ئەمساڵ باری دارایی هاووڵاتیان زۆرباش بووەبۆیە ئەمساڵ خەڵکێکی زۆر ڕووی لە کڕینی ئاژەڵ کردووە بۆ قوربانی و ئەوانەی کە ئاژەڵدارن نرخەکانیان بەرز کردۆتەوە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار چارەسەری ئەو گران بوونە بکات.

سەعید قەساب گوتی: نرخی ئاژەڵ بۆ ئاژەڵ جیاوازی هەیەو ئاژەڵی گەورە نرخەکەی گرانەو بە کیلۆ دەیفرۆشین و نرخی ئاژەڵی بچووکیش هەندێ هەرزانترە، ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەیش ئەمساڵ زۆرن ئەوکەسانەی کە قوربانی دەکەن ئەوەی کە مەبەستی بێت قوربانی خۆی هەردەکات.

سۆران کەسێکی دیکە بوو ژمارەیەک سەر مەڕی هێنابوو بۆ فرۆشتن و گوتی: هاتووم بۆ فرۆشتنی ئەو سێ سەرمەڕەو چاوم لە قازانجی زۆر نییەو پێویستم بە پارە هەیە، بۆیە دەیانفرۆشم وادیارە ئەمساڵ خەڵکێکی زۆر هاتوون بۆ کڕینی ئاژەڵ بۆ قوربانی کردن.

تەها خەڵکی گوندبوو دەڵێت: ساڵانە ئێمە ئاژەڵێکی زۆر ئامادە دەکەین بۆ فرۆشتن بۆ جەژنی قوربانی پیرۆزو ئاژەڵەکان قەڵەو دەکەین تاپارەی باش بکات و ئالیکی باشی پێ دەدەین و لە جەژنی قوربان نرخەکان گران دەبن.

لەجەژنی قوربان بازاڕی ئاژەڵ فرۆشان گەرمە

هەرسەبارەت بە قوربانی کردن ڕاو سەرنجی خەڵکەرنەڕیمان وەرگرت لەمبارەیەوە دکتۆر میقداد ئیبراهیم بەڕێوەبەری تەندروستی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و ئێتەرنەری هەرێمی کوردستان گوتی: هەموو ساڵێک خەڵکێکی زۆر ڕوو لەکڕینی ئاژەڵ دەکەن بەمەبەستی قوربانی کردن دیارە چەند ڕۆژێک بەرلەهاتنی جەژنی قوربان بازاڕی ئاژەڵ فرۆشان گەرموگوڕی زۆری پێوە دیارە، بۆیە ئەو کەسانەی کە ئاژەڵدارن ئاژەڵەکانیان دەخەنە بازاڕو ساڵانە لە کوردستان لە چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا دوو هەزارسەرمەڕو بزن و زیاتر لە 800ڕەشەوڵاخ سەردەبڕدرێن و هەرلە چوار ڕۆژی جەژنی قوربانی پارسااڵ زیاتر لە 3ملیۆن و 800هەزار ئاژەڵ لە کوشتارگەکان سەربڕدراون دیارە سەربڕینی ئاژەڵ لە جەژنی قوربان زۆر زیاترە لەچاو ڕۆژانی ئاسایی و وا پێشبینی دەکەین ئاژەڵی زیاتریش بۆ ئەمساڵ سەربڕدرێت و بەشێک لە ئاژەڵەکان مەڕو بزنی خۆمااڵینە و بەشێکی زۆریشیان لە وڵاتی جۆرجیاو بەرازیل و ئۆکرانیا هاوردە دەکرێن دواتر دەربارەی ژمارەی ئاژەڵ لە کوردستان ئەو گوتی: لەکوردستان نزیکەی 4ملیۆن مەڕو بزن هەیە لەگەڵ 300هەزار ڕەشەوڵاغ و بەشێک لەو ئاژەاڵنە لەماڵەکان بەخێرێ دەکرێن و بەشێکی دیکەشیان لە گوندەکان و ئەوەی کە لەکوردستان خواستی لەسەرە ئاژەڵی بچوکە

سەربڕینی ئاژەڵ لە کوشتارگەکان تەندروستترە

دواتر هەر سەبارەت بەو ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی کوشتارگەی هەولێرمان وەرگرت:

هەرکە سەردانی کوشتارگەی هەولێر دەکەیت بەچاوی خۆت دەبینی کە چۆن لەکوشتارگەکە بە شێوەیەکی تەندروست وبە پێی مەرج و ڕێنماییەکان ئاژەڵ سەردەبڕدرێت هەڵمەت هەمزە بەڕێوەبەری کوشتارگەی هاوچەرخی هەولێر گوتی:

بەشێک لە ئاژەڵەکان خۆمااڵیە و بەشێکی زۆریشیان لە وڵاتانی جۆرجیاو بەرازیل و ئۆکرانیا هاوردە دەکرێن

پێویستە هاووڵاتیان ئەوە بزانن کە سەربڕینی ئاژەڵ لەسەربڕخانە زۆر تەندروستەو دوو جار ئەو ئاژەڵە پشکنینی بۆ دەکرێت بەرلە سەربڕین و دوای سەربڕینیش پشکنینی بۆ دەکرێت تا دڵنیا دەبینەوە کە ئەو ئاژەڵە نەخۆش نییەو سااڵنە لەکوردستان ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ ئامادە دەکرێ بۆ سەربڕین بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز و هەر ئاژەڵێک زانرا کە نەخۆشی هەیە ئەوا گۆشتەکەی ڕەت دەکرێتەوەو لەناو دەبردرێت و کۆشتارگەی هاوچەرخی هەولێر لە ئامادەباشی تەواودایە بۆ جەژنی قوربانی پیرۆزو ئەوانەی کە ئاژەڵەکان سەردەبڕن کەسانی شارەزان و دوای سەربڕینی ئاژەڵەکان و ئامادەکردنی گۆشتەکە ئەو گۆشتانە بە ئوتومبێلی ساردکەرەوە ڕەوانی بازاڕ دەکرێت.





بەڕێوەبەری گۆشتگەی هاوچەرخی هەولێر:

هەر ئاژەڵێک کە بێتە لامان دووجار پشکنینی بۆ دەکرێت





ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی هەمیشە پێشەنگ و جێگەی متمانەیە



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی ڕابردوو، لە ڕووی پێشمەرگایەتی، سیاسی و دیپلۆماسی و هەروەها ئامانجی ڕوونی بارزانی، نیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە هەموو ئامانجەکان لەپێناو سەربڵندی دۆزی ڕەوای گەلێک بووە کە خاک و نیشتمانەکەی لە چەنگ داگیرکەران رزگاری بێ بە ئاراستە سەربەستی و سەربڵندی.

ژمارە/ ۱۳۸۸/ب/۲۰۱۹/۱
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۳۱
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (یلینا فلادیمر توکار) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سـامان محمـد شریـف) داوای ژمـارە (۵۳۰/ش/۲۰۱۹ لەسـەرت تۆمارکـردووە، کەتیایـدا داوای (تصدیـق طـلاق خارجـی) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختارەکانـی (گەرەکـی زانایـان/ هەڤـالان) بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە پێـت رابگەیەندرێـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـی خـۆت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە دادبینـی رۆژی ۲۰۱۹/۹/۱۷ کاتژمێـر (۹) بەیانـی بەپێچەوانـەوە دادبینـی پاشـملە و ئاشـکرا دەرهەقـت ئەنجـام ئەدرێـت بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:۵۳۰/ش/۲۰۱۹
بەروار: ۲۰۱۹/۸/۷
جارِدان
بۆ داوالێکراو (یلینا فلادیمر توکار) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سامان محمد شریف) داوای ژمارە (۵۳۰/ش/۲۰۱۹ لەسـەرت تۆمارکـردووە، کەتیایـدا داوای (تصدیـق طـلاق خارجـی) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختارەکانـی (گەرەکـی زانایـان/ هەڤـالان) بۆیـە دادگا بریـاری دا کـە پێـت رابگەیەندرێـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـی خـۆت یـان بریکارێکـی یاسـایی لـە دادبینـی رۆژی ۲۰۱۹/۹/۱۷ کاتژمێـر (۹) بەیانـی بەپێچەوانـەوە دادبینـی پاشـملە و ئاشـکرا دەرهەقـت ئەنجـام ئەدرێـت بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کۆمپانیـای (البنـاء انـدار ادی غوتییریـز ش.م/ المسـاهمة) (CONSTRAUTORA ANDRADE GUTIERREZ S/A) (تنفیـذ المشـاریع و الخدمـات الهندسـیة علـی جمیـع اشـکالها) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کۆمپانیـای (VISION) بـۆ (راوێـژکاری و دیراسـاتی جـدواری ئابـوری/ تـاك) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Receptionist
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Responsibilities:
•Answer phone inquiries, direct calls, and provide basic company information
•Perform clerical duties, take memos, maintain files, and organize documents, etc.
•Monitor front desk and comply with all security procedures for visitors
•Assist in planning company events, meetings, luncheons, and employee team building activities
•Answer emails, and correspond, as needed
•Oversee mail deliveries, packages, and couriers
•Purchase, track, and invoice office supplies for each department
•Set up, break down, organize, and maintain conference rooms, training rooms, and meeting rooms.

Required Qualifications & Experience:
•High school diploma or equivalent; associate's or bachelor's degree preferred
•Excellent communication and language skills. English and Kurdish (must) Arabic is a plus.
•Prior experience handling receptionist responsibilities; experience in customer service or related field
•Proficient computer skills, including Microsoft Office Suite (Word, PowerPoint, and Excel)
•Highly organized multitasker who works well in a fast-paced environment
•Excellent time management, written and verbal communication skills

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

فیسوافا شیمبورسکا

گەورە شاعیری پۆڵەندی خاوەن نۆبڵ





بۆتان جەلال

ڕۆژی پێنجشەمە 1/2/2012گەورە شاعیری ناسراوی پۆڵندایی (فیسوافا شیمبۆر سکا) لە تەمەنی 89ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، شیمبۆرسکا لە ساڵی 1996خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا، بە یەکێک لە هەرە شاعیرە بەتوانا و دەسترێنگینەکانی پۆڵندا لە قەڵەم دەدرێت، شیعرەکانی ئەگەر چی سادە و ساکار و پڕ واتای ناسک و بەردەستن، بەڵام ڕستە شیعرییەکانی چڕ و پڕ و بەهێزن و هەمیشە لە ستایلەکانی شیعر دا حەزی دەکرد نوێکاری بخاتە ناو هۆنراوەکانی، هەرگیز بابەتی شیعرەکانی بەسەر یەک جۆردا قاڵبرێژ نەدەکرد، لە دەرگای ژیانەوە تەماشای ورد و درشتی سرووشتی دەکرد، دەچووە قوڵایی ناخی مرۆڤ، هەرکاتێک بیرۆکەی دروستکردنی شیعرێکی لا هەبووایە دەست بەجێ دەستی دەکرد بە نووسینی، جار هەبووە لە یەک سەعات دا قەسیدەیەکی دریژی نووسیوە، هەرگیز حەزیشی نەدەکرد ئەوەی نووسیویەتی پێداچوونەوەی بۆ بکات، قەسیدە لای شیمبورسکا پرۆژەیەک بوون وشە و میوزیکی شیاوی بۆ بنیاتنانی دەدۆزیەوە، سەرەتا پلانی میحوەرەکەی دادەڕشت.

پاشتر بە تەوەر و لق و بابەتە بچوکەکاندا دەچۆوە و هەر یەکێکی لە شوێنی خۆیدا بەرجەستە دەکرد، خوێنەرێکی زۆریش نەک هەر تەنیا لەناو ولاتەکەی خۆیدا بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی بەرهەمی تازەیدا بوون، بەڵکو لە هەموو ئەوروپادا ئەم شاعیرە ناسرابوو، فیسوافا شیمبورسکا لە گوندێکی پۆڵندا لە ساڵی 1923 چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، دواتر پاش 8 ساڵ چۆتە (کراکۆ) و لەوێدا ماوەتەوە تا ڕۆژی مردنی، ئەم شاعیرە حەزی لە فەلسەفە بوو، بۆیە لە یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندنیدا لە زانکۆی کراکۆ، (فەلسەفە) و (زانستی کۆمەڵناسی) خوێندووە، لە ئاداری ساڵی 1945یەکەم قەسیدەی خۆی بەناونیشانی (من سەیری وشە دەکەم)ی بڵاو کردۆتەوە، جگە لە شیعر، لە پەخشان نووسینیشدا دەستبالایی هەبوو، نزیکەی 350پەخشانە شیعر و 400قەسیدەی بڵاو و چاپکردووە.

هیچ شتێک دوو جار ڕوو ناداتەوە

هەرگیز ڕوو ناداتەوە، بۆیە

بێ هیچ ئەزموونێکی پێشتر لە دایک بووین

و بێ هیچ مومارەسەیەکیش دەمرین

ئەگەر ببینەوە قوتابیش

لە هەر قوتابخانەیەکی هەر ولاتێک

ئەو وانانەمان بۆ دووبارە نابێتەوە

کە کاتی خۆی فێریان بووین

زستان... هاوین

هیچ ڕۆژێکیش خۆی دووبارە ناکاتەوە

هەرگیز لە دنیادا نیە

دوو شەو بەیەکتری بچن

یان دووماچ وەک یەکتری

تام و چێژیان هەبێ

دوێنێ یەکێک

بە گوێچکەمی چپاند

هەستم کرد وەک ئەو چەپکە گوڵە وابێ

کە یەکێک لە پەنجەرەی ژوورەکەمدا

فرێیدا بێتە پێشم

ئەمڕۆ هەردووکمان پێکەوەین

ڕووم بۆ دیوارەکە سوڕاند

گوڵ... چۆن گوڵێک

ئایا ئەم گوڵەکەی ئەو جارە

یان بەردێکە ؟

تۆ ئەی کاتژمێرە نەفرەت لێکراوەکە

وا بە پەشۆکاویەکی بێ مۆڵەتدراو

وشیارمان دەکەیتەوە ؟

تۆ هەیت، دەبێ لەناو بچیت

لە ناو دەچیت

ئەمەش کارێکی دڵخۆشکەرە

پێدەکەنین وەک نیمچە لەیەکتر باوەش کردنێک

هەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە دۆخی جاران

وەک دوو کەسی ئارامگرتوو


لەگەڵ ئەوەی ئێمە لەگەڵ تۆ

دوو شتی لە یەکتر جیاوازین

وەک دوو دڵۆپە ئاوی زوڵاڵ

چیرۆک

[کڵاوی کەچەڵەی بەغداد.....]



ئەسعەد عەزیز محەمەد

ئەو کاتەی چیرۆک و داستان وئەفسانەی کۆنی دەگێڕایەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکەی هەر بەناوی کوڕە تاقانەکەیەوە ناو دەنا ،هیچ کەس نەیدەزانی کوڕەکەی چی لێهاتووە؟ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ ژنێک بوو هەموو کاتێک خەریکی قسەکردن بوو، لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەی دەکرد،تەنها شتێک هیچ کەس لەبارەیەوە هیچ شتێکی لێ نەبیستوو بێت دەربارەی کوڕەکەی بووە.دەمی خۆی لەسەر ئەوبابەتە بەشێوازێک کلۆمداوە بەهیچ کلۆجێ ناکرێتەوە.زۆر سەرگوزشتەیان لەبارەی کوڕەکەیەوە دەگێڕایەوە. لەو سەرگوزشتانەی باسدەکرا گوایە کوڕەکەی دایکی بەجێهێشتووەو بەدوای کچە مارینزێکی ئەمریکی کەوتووە و لەگەڵ ئەودا ڕۆیشتووە، یان هەندێ کەس ئەوەیان دەگێڕایەوە کوڕەکەی لە گرتوخانەیە ، بەتومەتی پەیوەندی بەگروپە توند ڕەوەکانەوە تێوەگلاوە،یان هەندێ کەس باسیان لەوە دەکرد کوڕەکەی هەموو پارەی دایکی دزیوەو ڕوویکردۆتە هەندەران،بەڵام هەمیشە ئەو ژنە لەسەر ئەو قسەو باسانە بێدەنگ دەبوو،ئەگەر ڕوو بەڕوو لەبارەی کوڕەکەیەوە پرسیاری لێبکرایە،هەندێ بێدەنگ دەبوو، دواتر بەنیگایەک خەم تێیدا هێلکاری کردبێت دەیگووت:-" نەمزانی کوڕەکەم چی لێهاتووە، زەوی نقومیدا، ئاسمان هەڵیمژی، ئێستاش نازانم چی لێهاتووە، لەکوێیە ؟بەڵام بڕوام بە خوا هەیە ئەگەر بیەوێت دەیگەڕێنێتەوە، منیش چاوەڕوانی دەرگای ئەوم." چیرۆکی (کڵاوی کەچەڵەی بەغداد) لەزۆر کەس گوێم لێبووە بەڵام هیچ کەس وەک ئەو بەهەست وسۆزێکی تایبەتەوە نەیدەگێڕاوە،بەشێوازێک ئەو پیرە ژنە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوەو حەزت دەکرد کاراکتەری ئەو چیرۆکە ببیت و ڕۆڵی تیا نمایش بکەیت.

سەرەتا

بەم شێوەیە دەیگێڕاوە کەس لەخوا گەورەتر نی یە، لەخۆشی ناوی تۆ هەزارەها ناونرا، ئەو خۆشەویستانەی لێکتر دوورن خوا بەیەکتر شادیان بکاتەوە.ئەوەی دەرداوە خوا دەرمانی بۆ بنێرێت، دەگێڕنەوە دەڵێن لەوسەردەمەی شاری بەغداد بووکی دونیابوو،لەبەرجوانی بەغداد هەمو خەڵک لەهەمو شوێنێکی دونیاوە بۆ سەیرکردنی بەغداد دەهاتن،ئەوەی نەهاتایەش هەر بە حەسرەتی بینینی بەغداوە بوو.پیرێژنێکی داماو وبێکەس لەو شارەدا بەتاقی تەنهالەگەڵ کورە کەچەلەکەیدا دەژیا ،بەنانەوایکردن بۆ مانان جل شوشتن و خزماتکاریکردنی مانان ژیانێکی کولەمەرگی بۆخۆی وکورە تاقانەکەی دابینکرد.ئەو پیرێژنە بەبەردەوام جەستەی ئارەقەی ماندوبوونی لێدەچۆڕا،هەردوو چاوی فرمێسکی ڕژدەکرد.ئازارهەمووڵەشی ڕووماڵکرد بوو.کورەکەی ساڵ لەدوای ساڵ تەمەنی گەورەتر دەبوو ،بەڵام بیرو هۆشی دەداوە دەستی خەیاڵێکی زۆر فراوانەوە،خەون باوەشی بە هەموو ژیانی کردبوو.هەموو کاتێک خۆی بەپاڵەوانی چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە دەزانی، هەر ڕۆژی لەشارێک و هەر شەوی لەکۆشکێک خۆی دەبینیەوە،دایکی کلۆڵی زۆر لەگەڵی هەوڵیدەدا فێری کارێک بێت بۆ ئەوەی ژیانێکی



" تکات لێدەکەم ئەو ماسییە بەرەڵا بکە، لەبەرامبەر ئەو کارە پاداشتێکی باشت پێدەبەخشم ."دەنگی ماسییە ڕەنگاو ڕەنگەکە چەند جارێک هاتە بەر گوێی دەگریا و دەینااند:-" کوڕە تاقانەکە تکات لێدەکەم، ئەو ماسییەم بۆ ئازاد بکە خەڵاتت لەبەرامبەر ئەو کارە دەدەمێ." ئەوقسانەی ماسییەکە ئەوی ڕاچەڵەکاند سەرەتا وایدەزانی هەر بەردەوامە لەکاروانی گەشتی خەیاڵیدا، کاتێک ماسییەکە گەیشتە دەستی دەستێکی بەسەر پشتییدا هێناو بەخێرایی بڕیاریدا بیگەڕێنێتەوە بۆ لای هاوڕێکەی یەکسەر ماسییەکەی لەقولابەکە کردەوەو فڕێیداوە ناو ئاوەکەوە.بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد :- " ماسییە نەشمیلە ڕەنگاو ڕەنگەکە ،هاوڕێکەتم بۆ گەڕاندیتەوە " بەگەیشتنی ماسییەکە بۆ ناو ئاوەکە هەردووکیان کڵاوێکیان بۆ فڕاوە ڕۆخی ڕووبارەکە و گوتیان :- ئەمەش دیاری ئێمەیە بۆتۆ.ئەمە کڵاوێکی ئاسایی نییە .ئەم کڵاوە ئەفسووناوییە ،هەرکەس لەسەری بکات هیچ کەس نابینێت،لەبەرچاو ون دەبێت.هەرشتێکت ویست دەتوانی بیکەیت بێ ئەوەی کەس بزانێت تۆکردوتە."سندوقێکی بچوکیش پڕ لە زێڕوخشڵی بۆ هێناوە ڕۆخی ڕووبارەکەئەوەندە هەڵیدەکرد وبەر ڕووخساری دەکەوت،نەشئەی بەجەستەو ڕوحی دەبەخشی،خەیاڵی بووە کۆترێکی بااڵدارو بۆ زۆر دوور فڕی،لەگەشتە خەیاڵییەکەیدا زۆر دێمەن سەرنجی ڕادەکێشا ، دێمەنەکان ئەوەندە تێکچڕژاو بوون بیرکردنەوە نەیدەتوانی تۆماری بکات.خۆر تیشکەکانی بەئاسماندا بااڵکردبووەوە، هەندێ تیشکی خۆر تیشکدانەوەی لەناو ئاوەکە دروستکردبوو.قولابەکەی فڕیداوە ناو ئاوەکەوەو بەدەستیەوە دار قولابەکەی بەدەستەوە گرتبوو،ئاراستەی بینیشی ڕووی لەو شوێنە کردبوو کە قولابەکەی لەناو ئاوەکەدا نقوم بووە، ئەوەی بیووە هۆی ئەوەی حەز لەماسیگرتن بکات، لەبەر ئەوەی ڕووباری دیجلە دەکەوتە نزیک گەڕەکەکەیانەوە، هەروەها ئەو کاتەی قولابەکە فڕێدەدەیتە ناو ڕووبارەکەوە تا گرتنی ماسییەک بێچکە لەوەی چاوەڕوان دەبیت، خەیاڵیش پانتاییەکی زۆر فراوانی بۆ فەراهەم دەبێت. لەو کاتەی ئەو لەخەیاڵیدا بۆ دورگە ئەفسووناوییەکان گەشتی دەکرد، گیانداری زۆر سەیری بەرچاو دەکەوت. لەساتەوەختی ئەو چرکەیەدانەو دەستەی قولابەکەی بەدەستەوە گرتبوو قورستر بوو.یەکسەر لەوە تێگەیشت قولابەکەی ماسی گرتووە.هێشتا بەتەواوی لە دونیای خەیاڵ نەگەڕابووە وە،قولابەکەی ڕاکێشاوە سەرەوە ماسییەکی ڕەنگاو ڕەنگی نەخشێن بە قولابەکەیەوە گیریخواردبوو، لەو کاتەدا ئەو سەرسامببوو بەبینینی ئەو ماسییە بیووە هۆی ئەوەی حەز لەماسیگرتن بکات، لەبەر ئەوەی ڕووبارەکەوە دایکی نەبینی، بەئەسپایی قولابی ماسیگرتنەکەی هەڵگرت و بەرەو ڕۆخی دیجلە بەڕێکەوت.

ناوەڕۆک

شنەبایەک لە ڕووباری دیجلەوە گونجاو بژێن بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بێ سوود بوو. ئەو لەدەریای بێ سنوری خەیاڵ مەلەی دەکرد. ژیانیان زۆر ناخۆش بوو،تەنها کارێک کورە کەچەڵە دەیکرد ئەوەبوو جاروبار قولابی ماسیگرەکەی هەڵدەگرت و دەڕێشت لەڕۆخی ڕووباری دیجلە ماسی دەگرت.چەندین شەو لەشەیدا و عەشقی بۆ ئەو ژنەی کە خۆشیدەوێت خەو لە چاوی دەتۆرا و خەوی لێنا دەکەوت. بەیانێکی زوو هێشتا گەرمی خۆر تینی جەستەی نەمژیبوو ،بەڵام حەزوئەوینی ئەو ژنە بااڵ کورتە ئۆقرەی لێهەڵگرتبوو ،نەیدەزانی چی بکات، چاوێکی گێڕا بەناو ماڵەکەدا دایکی نەبینی، بەئەسپایی قولابی ماسیگرتنەکەی هەڵگرت و بەرەو ڕۆخی دیجلە بەڕێکەوت.

ناوەڕۆک

شنەبایەک لە ڕووباری دیجلەوە دڵی بەدیارییەکە خۆش بوو، ئەو ڕۆژە بێ ئەوەی هیچ ماسییەک بگرێت گەڕایەوە ماڵەوە،پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کڵاوە ئەفسووناوییەکەی لەسەر کردو چەند جارێک لەپێش دایکی تێپەڕی بێ ئەوەی ببینێت.ڕاستی قسەی ماسییەکەی بۆ دەرکەوت. دواتر کڵاوەکەی لەسەری لابرد وچەند پارچەیەک خشڵی هێناو پیشانی دایکیدا پێیگووت :- " دایە گیان ئەمڕۆ قولابی ماسیگرتنەکەم سندوقێکی پڕ خشڵ و زێڕی لەڕووبارەکە بۆ دەرهێنام، ئیتر لەهەژاری ڕزگارمان بوو." دایکی دیقەتی چاوی لەلای زێڕو خشڵە جوانەکان بوو ، دەمی هەڵهێناو گوتی :-" سوپاس بۆ خوای گەورە، خوای میهرەبان بەندەکانی خۆی تاسەر لە ناخۆشی بەجێناهێڵێت."دایکی بەبینینی ئەو زێڕو گەوهەرانە زۆر دڵخۆش بوو.

بەڕێگەی نامەیەک پاشای ئاگادارکردەوە کە شاژن و وەزیر دەستیان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ کردووە.لەڕاستیدا هەروا بوو، کوڕە کەچەڵە بەتەنها بەڵگەی بۆ پادشا دروستکرد.

کڵاوی ئەفسوناوی کەچەڵەی بەغداد هەر ڕۆژێ کۆسپێکی بۆ مەملەکەتەکە پەیدا دەکرد.ئەوانەی پێشتر سوود مەند بوون بەو بارودۆخە نوێیە زۆر خەمبارو نیگەران بوون.هیچ کەس نەیدەزانی هۆکاری ئەو ئاڵۆزییەی لەبەغداد ڕوویداوە چییە، هەندێ کەس بەڕاشکاوانە دەیانگووت کەڵەکە بوونی ئەو هەموو ناداد پەروەریییەیە بەدرێژای چەندین ساڵ ڕوودەدا، هەندێکی تر دەیانگووت ئەوە دەستێکی تاوانکارییە لەدژی ئارامی ئەم شارە بەڕپاکراوە بۆ ئەوەی ژیانمان بەرەو خراپی و ناخۆشی بگوزەڕێت. ڕەوشێکی وەها لەو شارەدا پەیدا ببوو،ترس لەلای دەسەڵاتدارانی شار دروست ببوو، خەڵکیش نەیاندەزانی بەو ڕووداوانە دڵخۆش بن یان خەمبارین. بەڵام شیرازەی ژیانی ئاسایی شار تا ڕادەییەکی زۆر تێکچوو بوو.خەڵکی لەچاوەڕوانی ئایندە بوون.

ڕووباری دیجلە

ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی بوو، خۆر تینی گەرمی نەمابوو، لەڕۆخی ڕووباری دیجلە دانیشت و بۆ ماوەیەکی زۆر تێڕامبا لە ئاوی ڕووبارەکە و شەپۆل و کەفی سەر ئاوەکە، بیری لە زۆر بابەت کردەوە ، لەدواجاردا بڕیارێکی لەلا دروست بوو بڕیاریدا کڵاوەکە فڕێ بداتە ناو ئاوی ڕووبارەکە،چەند ساتێک وشکبوو، لەخۆی پرسی بۆ ئەم کارە دەکەیت، دەتوانیت سوودی زیاتر لەو کڵاوە وەربگریت. هەرخۆی وەڵامی خۆیداوە وگوتی :- "ئەوەی مەبەستم بوو ئەوەبوو کڵاوەکە بەکاربهێنم بۆئاشکراکردن و بەرەنگاریکردنی ئەو ناداد پەروەرییەی هەبوو، پاش ئەوەی بەکردەوە بەرپەرچی ستەم وناداپەروەرییم دایەوەو زۆر ستەمم ئاشکرا کرد، ئیتر پێویستیم بەم کڵاوە ئەفسووناوییە نەماوە."

لەگەڵ درکاندنی دوا پیتی ڕازی نێو دڵی تا هێزی تیابووکڵاوەکەی فڕێداوە قوڵای ڕووبارەکەوە،وەک ئەوەی دەستێک چاوەڕوانی هاویشتنی کڵاوەکە بێت لەچرکەیەکدا کڵاوەکە وون بوو.کوڕە کەچەڵە لە ڕۆخی ڕووباری دیجلەوە بەهێواشی ملی ڕێگای بەرەو ماڵەوە گرتەبەر.خۆریش بەتەنها زەردەیەکی مابوولەئاوی ڕووبارەکە ڕەنگیدەدایەوە.

کەرکوک/ تەموز/ 2019

دید و نادید

فاخر عالی خان ئاودەڵی

نە باوکم دی نە زارۆیم دی
باپیرم دی، بەس هیچم نەدی
خۆم دی، هەموو شتێکم دی
دیم و نادید، هەر هیچم نەدی
خەونم دی، ژیانی نوێم دی
ژیان هات، لەویش هیچم نەدی
دید دید، ئەو خەونەت لە کێ دی؟
دیم دیم، ئەو خەونەم لە نیشتمان دی!،
ئاواتی بەرز و ئارازی خۆش فەراحیم دی
نەبووە دیدم، نادیدە بوو، خەونی دیدیم
هەورە گەوارەیە، بارانە بە فێیە
فێیەک بۆ ئەوێ و فێیەک بۆ ئێرە
دیدی کۆن هی بۆزە دێرە
دیدی نوێش بۆ هەوێرە پێڕە
هەمیشە دیدی نادیدە دیدم
هیچ نابینم هەتا ببینم

چوار کورتیلە چیرۆک



عوبێد خدر گۆمەشینی

1- ژن.....

تاوێک لە تەبڵەی بەردەمی راما نزیکەی دە جگەرەی تێدا کوژاندبۆوە..

+ گوتی: بەس نییە، هەناوی خۆت ڕەشکرد؟

ئاوڕێکی لێدایەوەو گوتی: جا ئەو هەناوە بەبێ جگەرەش هەر ڕەشبووە، دەمەوێ تۆزێکی بەباکەم.. کێ منی لا گرنگە..!!

بەحەسرەتەوە گوتی چی بکەم تەنیایی کوشتمی..

تاوێک لەسەرو سیما لۆچاویەکەی ڕاما و گوتی: بۆ خەمێک لەخۆت ناخۆی؟

گوتی: خەمی چۆن؟

ژنێک بێنی و لەم تەنیاییە خۆت ڕزگار بکەی...

گوتی: ژنننننن!!؟

بۆ نا....!!!

گریان بەربێنگی پێگرت و فرمێسک لەژێر چاویلکەکانی هاتە خوارەوە.

تازە جارێکی دیکە من و ژنەپێنان، دوای ئەو ژیانم کۆتایی هات....

4/1

* * *

2- ڕۆژنامە...

هیلاک و ماندوو بەدوای هەواڵ و بابەتێکی تازە دەگەڕای و دەستت نەکەوت... بەخۆ کامێرای دەستتەوە خۆت کرد بە چایخانەکە و تاوێک پشوو بدەی..

دیمەنی ڕۆژنامە خوێندنەوەی کرێکارە جل بە گەچەکە سەرنجی ڕاکێشای، وێستت وێنەک بچرکێنی، کەچی لەناکاو ڕۆژنامەکەی لووداو و هەستا سەرپێ و گوتی هەموو درۆ دەکەن..

تۆش سەیرێکی لاپەرەکەت کرد و وێنەی کاندیدێکت بەرچاو کەوت..

هەناسەیەکت هەڵکێشاو بەدڵسارد کامێراکەت داناوە.. !!

4/22

* * *

3- کاندید...

دوو سێ جار، ئحمی کردو تۆزێ گەرووی لە بەلغەم پاک کردەوە و گوتی: خزمینە ئەنگۆ کەسوکاری منن، پشت و پەنای منن، هەموو ئامۆزاو بنەمامی منن، بەراستی تا ئێستا دەرفەتی سەردانم نەبووە، بەڵام بەراستی گوندەکەمان زۆر خۆشبووە، من حەز دەکەم زیاتر خۆشبێ و شەقامتان لۆ قیر بکرێ و مەکتەبی لێ بکرێتەوە و خەستەخانەی لەبۆ دروست بکرێ.

کابرایەکی کورتەخنەی تێکسمراو و دەستە جلێکی مەرەز و کراشێکی پەڕۆینی گرانبەهای لەبەر بوو، بە ئوتۆمبێلێکی وەنەوشە، دوو قات لەبەری لەگەڵ خۆی دابوو، خەڵکی گوندی کە چاویان پێکەوت پێیان سەیر بوو، ناحەقیان نەبوو، دەساڵ دەبێ گوندەکەی نەدیوە و لەبەر سامان و بازرگانی ئاگای لە بابی خۆی نمایە..

پیرەمێردێکی ریش سپی جلشۆڕ دونیا دیدە، خۆی بە گۆچانەکەی ڕاگرتبوو، سەیرێکی کابرای کردو بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: جا تۆ دە ساڵە ئەو خزمانەت لەبیر چووە، خێرە ئەمەت بیر هاتیتەوە، ئێمە ئاوی خواردنەوەمان نییە بیخۆینەوە، تۆ هاتووی شەقامان لۆ قیرکەی.. برا لێمان گەڕێ با فێری ڕقلێبوونەوەی دارو بەردی گوندمان نەبین..!!

9/20

* * *

4- پۆست....

ژوورەکە جمەی دەهات لە کەسانی قاتو ڕیبات لەبەر، هەندێکیان گەنج و هەندێکیش تەمەنێکیان لە کارەکەیان بەسەر بردبوو.. هەموویان بەوپەڕی بڕوابوون بەخۆیان و بەپێی مەرجەکان خۆیان کاندید کردبوو، بەڵام جۆرە هەستێک لای هەریەکەیان هەبوو کە پێدەچێ ئەو کەسە پشتگیری کرابێ و واستەی هەبێ دەردەچێ.. کەس متمانەی بەویتر نەبوو..

نیگەرانی و دڵەڕاوکێ تا دەهات زیاتر دەبوو، چاوپێکەوتن دریژەی کێشا، ئەوەی دەچووە ژوورە دواتر بەلایەکی دیکە دەڕۆیشت، نە دەزانرا پرسیارەکان چین؟، یەکێک لەو ژنانەی هەر باسی خۆی و کارەکانی دەکردو زۆر بەبێ منەتی لەسەر مێزەکە قسەی دەکرد، دانرابوو ئەو دەربچێ، چونکە کچی فلانە و خوشکی فلانە .. ئیتر یەک یەک چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا..

پ: تۆ فلانی کوڕی فلانی؟

و: بەڵێ.

پ: بۆ دەتەوێ ئەو پۆستە وەربگری؟

و:چونکە دەمەوێ خزمەتی گەل و نیشتمان بکەم.

پ: چ پلانێکت هەیە بۆ کارەکە؟

و: دەمەوێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ئەنجامدا..

پ: بۆ ئەو پۆستە وەربگری؟

و: چونکە دەمەوێ خزمەتی گەل و نیشتمان بکەم.

پ: چ پلانێکت هەیە بۆ کارەکە؟

و: دەمەوێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە پێش بخەم، کێشەی ڕۆتین و هاوولاتیان نەهێڵم.

پ: چ ڕەخنەیەکت هەیە؟

و: کەسانێک تا کۆتایی تەمەن لە پۆستەکانیان دەمێنێنەوە، پێویستە بگۆڕدرێن، کەسانی دیکە بێنە جێگەیان، سەرۆکی لێژنەکە، لەژێر عەینەکە تووبەکەوە موریەکی لێکردی و سەرێکی لەقاندو دەستی بۆ دەرگاکە درێژ کرد، وتی دواتر وەڵامت دەدەینەوە.. دوای ساڵێک لە چاوەڕوانی.. بەڕێوەبەرێک دانرا ناوی لە کودیلەی تەڕپش نەبوو..



خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی کەرێک لە سەرچیادا



سەدیق سەعید ڕواندزی


بە دڕێژایی دروستبوونی عێراق وەک وڵاتێک، شەڕو خوێن و ستەمی سیاسی، بەشێک بوونە لە ژیانی تاکەکانی ئەو وڵاتە.میژووی عێراق میژوویەکە لە خوێن و کوشتن و ئەتککردنی مرۆڤ لە سەردەستی فەرمانڕەوایانی وڵات کە لە زەمەنی بەعسدا ئەو ستەمە سیاسییە و شێوازەکانی کوشتنی مرۆڤ دەگەنە تڕۆپک. بەعس لە عێراقدا، لە ماوەی حوکمڕانیەتی خۆیدا ئەو وڵاتەی کردە زیندانێکی گەورە و هیچ پیرۆزییەکی بۆ مرۆڤ نەهێشتەوە. بۆیە دەبینین ئەو ستەمە سیاسییە ڕەنگدانەوەیەکی قوواڵی لە ئەدەبی عێراقی و بەتایبەتیش لە ژانری ڕۆماندا هەبووە. کە دوای ڕووخانی بەعس، زەمینەی ئەو گوزارشتکردنە لە ستەمەکانی بە عس لە ڕێگەی نووسینەوە ڕەخسا. (کەرێک لەسەر چیادا) ناونیشانی ڕۆمانێکی دیکەی پڕ بەهای (عەبدولسەتارناسرە) لە دوای ڕۆمانی شەماعییە . ئەم ڕۆمانە کە ماوەیەک لەمەو بەر چاپ و بڵاوکرایەوە، باسی ژیانی عێراقییەکان لە سەردەمی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکات. پاڵەوانی ئەو ڕۆمانە ناوی(عەبدولڕەحمان).

کەسێکە بە پیشە فەرمانبەری حکومەتە، بەڵام کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و یاخییە و خەون بە ڕووحانی بەعسەوە دەبینێت. کاتێکیش هەست دەکەن، ئەو تێگەیشتنەی هەیە، ئیدی لەو فەرمانگەوە بۆ ئەو فەرمانگە ڕاژەکەی دەگواستنەوەو دواجاریش لە داگایەکی بەغدای پایتەختدا، دەبێتە نووسەرو ڕۆژانە هەموو ئەو وتە و دانپیانانە و تێبینەکانی دادەرلەکۆنووسێکدا دەنووسێتەوە.

عەبدولڕەحمان، ڕۆژانە دێمەنە گاڵتەجارییەکانی دادگاییکردن لە سەردەمی بەعس و سەدامدا دەبینێت، کاتێ چۆن عودەی هەر کاتێک مەبەستی بێت، دێتە دادگا و کێی مەبەست بێت دەیکوژێت، یاخود چۆن تاوانباران ئازاد دەکرێن و کەسانی بێتاوانیش ڕووبەڕووی سزادان ولە سێدارەدان دەبنەوە بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکییان کردبێت. عەبدولڕەحمانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، هەموو ئەم دێمەنانە ڕۆمانەکە دەبینێت و لە دژیان دەوستێتەوە. ئەو وەک فەرمانبەرێکی پاک و ڕاستگۆ لە پیشەکەی مەبەستیەتی دادگا ڕێڕەوی داپەڕەروەرانەی خۆی وەربگرێت وشوێنێک بێت بۆ گێڕانەوەی ماف بۆ ماف خوراوان وهێمای یەکسانی و داپەروەری بێت، وەڵێ ئەو پێچەوانەی هەموو ئەو شتانە دەبینێت.ئەو لای داوەری یەکەم (بەحرعلوم) فەرمانبەرە.ئەم داوەرە کە کەسێکی ڕاستگۆودادپەروەرە لەکارەکەی، نایەوێت بکەوێتە ژێر کاریگەریەتی دەسەلات و دەکات. عەبدولڕەحمان دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی کە بەهۆی هاوسەرگیریەوە وەریگرتبوو، بەیانییەک دەچێتەوە دەوامی ئاسایی خۆی ولە بەردەم دەرگای سەرەکی دادگادا، بەرلەوەی بچێتە ژوورەوە، گوێبیستی دەنگی چەند گوللەیەک دەبێت و دواتریش چەند کەسێک ئازادانە لە دادگا دێنە دەرەوە قاقای پێکەنینیان دێت. عەبدولڕەحمان کاتێ بە پەلە دەچێتە نێو دادگا، وەک ئەوەی دڵی ئاگای کردبێت، بەسەر خوێنی ساردو سڕی ڕژاوی داوەرەکەی کە هاوکات باوکی ژنەکەشیەتی، دەکەوێت و دەبینێت داوەری یەکەم کوژراوە. پاڵەوانی ڕۆمانەکە شۆک دەیگرێت کە چۆن بەرەدەرێت و دەگەڕێتەوە ماڵەوە. بەڵام دوای چی؟ دوای ئەو هەموو ئازارو دەستدرێژی و ئەشکەنجانەی لە زیندانی بەعس بینیویەتی.دوای ماوەیەکی کەمیش لە ئازادبوونی، هەر بە ئاواتی ئەوە دەڕێت ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و سەدام بە چاوی خۆی ببینێت، بەڵام بە داخەوە دەمرێت و ئەو ئاواتەی نایەتە دی و دوای ماوەیەک هاوپەیمانان عێراق ڕزگار دەکەن و کۆتایی بە ستەمەکانی بەعس دێنن. عەبدولڕەحمانیش دەچێتە سەر گۆڕی عەسمای خێزانی و موژدەی ئەوەی پێ دەدات کە خۆری ئازادی هەڵهات، بەڵام دوای مەرگی ئەو و باوکی ولێرەوەش کۆتایی بەڕوودواوەکانی ئەو ڕۆمانە دێت. ئەم ڕۆمانە، پڕە لە دیمەن و گێڕانەوەی تراژیدی ، وێنەیەکی بچووکراوەی ژیانی عێراقییەکانە کە لە سەردەمی بەعس ژیاون. ڕووێکی گاڵتەجارانەی دادگا دادوەری لە سەردەمی بەعسدا پیشان دەدات.گەرچی ناونیشانی ڕۆمانەکە نامۆ و سەرنج ڕاکێشە کە لە نوکتەیەکی نێو ڕۆمانەکە وەرگیراوە، بەڵام گێڕانەوەکانی تراژیدین. لە بارەی ناونیشانەکەوە نامەوێت وەک خوێنەرێک هیچ شتێک بڵێم، هیوادارم خوێنەران خۆیان ڕۆمانەکە بخوێننەوە.

پەراوێز

*** کەرێک لەسەر چیادا/ڕۆمان/ نووسینی(عەبدولسەتارناس) وەرگێڕانی(ئازاد هاشم)/ بڵاوکراوەی کتێبخانەی فێربوون_هەولێر-**



پێشەکیەک لەسەر مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی



2-1

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

گونجاو نییە، دانایانی ئیسلامی بە لاساییکەرەوەی فەیلەسوفانی یۆنانی دابنێین. میژووی ژیرانە و بیرکردنەوەی دانانانی ئیسلامی، هەوڵی ماندوو نەناسییە، کە ئەوانە بۆ کردنەوەی ڕێگەی دژواری خۆیان پێواوە. وەرگێڕانی فەلسەفە لە یۆنان بەهۆی نەبوونی وردبینی، بەشێکی زۆری نادروست کۆکراوەتەوە و بەو نادروستیانە ڕێگەی ناسینی فەلسەفەی یۆنانیان بۆ دانایانی ئیسلامی بەست بوو.

بۆیە دانایان بەپێی پێویست فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرەستۆیان نوێ دەکردەوە. لێرەیە کە هیچ کام لە شیکردنەوەکانی ئەوان لەسەر ئەندێشەی یۆنانی، شیکردنەوەی ڕوونکردنەوەیی نەبووە، بگرە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی و داهێنانە بووە. بێگومان هەر ئەو بارودۆخە بوویتە هۆی ئەوەی کە دانایان لە ڕازاندنەوەی سیستەمێکی سەربەخۆی هزری (لە سەدەکانی سەرەتایی) دوا بکەون و زەینی وردبینی ئەوان ڕاست و ناڕاست تێکەڵ یەک بکات.

مەبەست لە پاشگری "ئیسلامی" لە " فەلسەفەی ئیسلامی" چییە ؟ وادێتە بەرچاو بە بیرکردنەوە لە گوتار و هەوڵەکانی مەعریفەی فەیلەسوفان و ئەندێشەی ئەوان دەکرێ بگوترێ: یەکەم فەلسەفەی ئیسلامی بە پاشگری "ئیسلامی" لە ڕیزی زانستەکانی وەکو: فیقهلاو تەفسیر و ... دانداندرێت. بە واتایەکی دیکە، کاتێک لەسەر زانستە ئیسلامیەکان قسە دەکەین، مەبەست زانستگەلێکن، کە ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ لە دەقی پیرۆزی ئایین هەڵێنجراون و فەلسەفەی ئیسلامی بەو واتایە بەشێک لە زانستی ئیسلامی هەژمار ناکرێت، چونکە لە دەقی ئایینی ئیسلام دەرنەهاتووە. کەوایە مەبەست لە پاشگری ئیسلامی ئەوە نییە، کە فەلسەفەی ئیسلامی وەکو فیقهلاو تەفسیر و... بێت.

ئەگەر بە دوای لێکدانەوەیەک لە پاشگری ئیسلامی بین، دەکرێ بگوترێ ئەو پاشگرە چاودێری دوو چالاکی تایبەتە، کە فەیلەسوفانی ئیسلامی لە بواری فەلسەفەی خۆیان سەرنجیان داوەتێ و بەکاریان دەهێنا.

بە کورتی فەیلەسوفانی ئیسلامی سەرەڕای بەکارهێنانی شێواز و ڕێسا و بنەمای فەلسەفی و عەقڵانی، سەرنجیان داوەتە دەقی ئایینی ئیسلام و پرسەکانی نێوان ئایینی ئیسلام و فەلسەفە. بە بۆچوونی ئەوان، ئەو کارە هەم واقعیەتی فەلسەفە و هەم پابەند بوون بەشێواز و بنەمای فەلسەفە و هەم مەبەستی ئایینی پێکەوە جێبەجێ دەکرد. بۆ نمونە هەندێک لە پرسیارەکانی فەیلەسوفانی ئیسلامی لە دەقی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، وەکو: ئایا خوایەک لە جیهان بوونی هەیە یان خێر؟ ئایا ئەو خوایە تەنیایە یان زۆرن؟ چ سیفەتی هەیە؟ ئایا بەدیهاتن کۆتاییەکی هەیە یان نە خێر؟ ئایا ڕوح هەیە؟

لەلایەکی دیکەوە فەیلەسوف بە پابەندبوون بە شێوازەکانی خۆی بە دوای دۆزینەوەی ئەو پرسیارانە دەگەڕا و لەو دەرەنجامە، دڵنیایە، کە بنەما و ڕاستەقینەگەلێک هەن، کە فەیلەسوف دەتوانێ لە دۆزینەوەی ئەوانە بنەمایەک بۆ سەلماندنی ئەوەی لەگەڵ ئایین دەگونجێ بدۆزێتەوە و لەو ڕێگەیەوە ئەوپەڕی بڕوابوون بەخۆیان و بەپێی مەرجەکان خۆیان کاندید کردبوو، بەڵام جۆرە هەستێک لای هەریەکەیان هەبوو کە پێدەچێ ئەو کەسە پشتگیری کرابێ و واستەی هەبێ دەردەچێ.. کەس متمانەی بەویتر نەبوو..

نیگەرانی و دڵەڕاوکێ تا دەهات زیاتر دەبوو، چاوپێکەوتن دریژەی کێشا، ئەوەی دەچووە ژوورە دواتر بەلایەکی دیکە دەڕۆیشت، نە دەزانرا پرسیارەکان چین؟، یەکێک لەو ژنانەی هەر باسی خۆی و کارەکانی دەکردو زۆر بەبێ منەتی لەسەر مێزەکە قسەی دەکرد، دانرابوو ئەو دەربچێ، چونکە کچی فلانە و خوشکی فلانە .. ئیتر یەک یەک چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا..

پ: تۆ فلانی کوڕی فلانی؟

و: بەڵێ.

پ: بۆ دەتەوێ ئەو پۆستە وەربگری؟

و:چونکە دەمەوێ خزمەتی گەل و نیشتمان بکەم.

پ: چ پلانێکت هەیە بۆ کارەکە؟

و: دەمەوێ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە پێش بخەم، کێشەی ڕۆتین و هاوولاتیان نەهێڵم.

پ: چ ڕەخنەیەکت هەیە؟

و: کەسانێک تا کۆتایی تەمەن لە پۆستەکانیان دەمێنێنەوە، پێویستە بگۆڕدرێن، کەسانی دیکە بێنە جێگەیان، سەرۆکی لێژنەکە، لەژێر عەینەکە تووبەکەوە موریەکی لێکردی و سەرێکی لەقاندو دەستی بۆ دەرگاکە درێژ کرد، وتی دواتر وەڵامت دەدەینەوە.. دوای ساڵێک لە چاوەڕوانی.. بەڕێوەبەرێک دانرا ناوی لە کودیلەی تەڕپش نەبوو..

چوارچێوەی فەلسەفەی ئیسلامی دایە، ئەگەرچی فەلسەفەی ئەو لەگەڵ فەلسەفەی باوی موسلمانان جیاواز بێت. ئەنجامی ئەو قسەیە تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو خاڵەیە، کە دەکرێ سیستەم و دەزگای جۆراوجۆری فەلسەفەیی هەبێت، کە ئیسلامیش بێت. بێگومان لەو نێوەدا سیستەم و دەزگایەک سەرنجی هزرمەندانی موسڵمان بۆ خۆڕادەکێشێ کە سەرەڕای پابەندبوون بە شێواز و ڕێسای فەلسەفی، ناوەرۆکی زیاتر لە دەقی ئایین لە خۆیدا هەبێ و سازگاری زیاتری لەگەڵ ئیسلام هەبێت.

ئایا دەکرێ فەلسەفەی ئیسلامی لە ڕیزی فیقهو و تەفسیر دابندرێ؟

دەکرێ هەندێک لایەن لەبەرچاوبگرین، کە لەواندا فەلسەفە لە ڕیزی تەفسیر و فیقهلادابندرێ، هەندێک لەو لایەنانە بریتین:

دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام بنەمای فەلسەفی تایبەتییان هەیە. بۆ نمونە بە بۆچوونی هەندێک دەقی پیرۆزی قورئان:

-1لەسەر بنەمای سەرەکی ریالیزم جێبەجێ کراوە، واتا واقعیەت وەرگیراوە و خەیاڵ وەلا نراوە یان دەکرێ مەعریفەناسی و مرۆڤناسی فەلسەفی لە قورئان بدۆزێوە. ئێستا ئەگەر دەرەنجام و کۆی ئەوانە لەبەرچاو بگرین، دەگەینە کۆمەڵە مەعریفەیەک کە بە تەواوی فەلسەفییە.

لە بنەمادا دەقەکانی ئایینی ئیسلام لێکدانەوەی فەلسەفی لە خۆ دەگرێت. ئێستا ئەگەر ئێمە باس و پرس و لێکدانەوەکانی فەلسەفی دەقی پیرۆز کۆبکەینەوە، دەگەینە کۆمەڵە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی، کە لە دەقی پیرۆز وەرگیراوە.



چوار کچە پایسکلسوار داوا دەکەن هەموان ڕوو لەوەرزش بکەن

خەبات سەید فەخرەدین

چوارکچ ڕۆژانە پایسکل لێدەخورێ و بەشداری خولێکی پایسکلسوارین، ئەمانە بەیانیان لە کاتژمێری شەش و نیو لەگەڵ ڕاهێنەرەکەمان دەست بە وەرزشی پایسکێڵ دەکەن، کە مامۆستا زانا خەسرۆ بە ئۆتومبێلەکەی لە دواوە بە دواداچوونیان بۆ دەکات کە بزانێت کەمو کوڕی و ئاستیان چۆنە.

لەمبارایە وە خاتوو ئیمان سەرتیپی تەمەن حە قدە سالّ دە لّێت: خۆشترین شت لە دونیادا چێژم لێوەرگرتبێت وەرزشە، دواتر قوتابیەکی ترکە بە شداربووی خولەکەیە دەلّێت: ئاراس غازی تەمەنی بیست سالّە دەلّێت: ئێمە چوارقوتابین لە پەیمانگای وەرزش، بیرمان کردەوە کە بەشداری خولێکی هاوینەی پایسکلسواری بکەین، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرین.

دواتر مامۆستا زانا کە وە کو ڕاهێنەریان دەلّێت: سالاّنە قۆتابییەکی زۆر دێت بۆ خولی هاوینی کە پشووی قوتابخانەکان دێت زۆرکەس دێت بۆ ناونووسینی، بەلاّم ناتوانین زۆر کە س وە رگرین، چونکە هە موو لەم قوتابیانە بەهرەمەند نین بە پێی توانا وەریان دەگرین، دواتریش تاقیان دەکە ینەوە کە بزانین لەشیان دەگونجێ بۆ پاسیکلسواری ئینجا ئێمەش بەشداریان پێ دەکە ین لە خولەکە.

پاشان قوتابی ئیمان حەیدەر تەمەن هە ژدە سالّ دەلّێت: داواکارم لە هەموو گەنج و بەتەمەنەکان لەم خولە بەشدارین، هیچ شتێک وەکو وەرزش بەسوود نییە بۆ مرۆڤ، چونکە وەرزش سوودی بۆهەموو تەمەنەکان یەک سوود دەگەیەنێت ئەویش تەندروستییەکی دروست.

خاتو لاڤەی تەمەن بیست سالّ ئەویش دەلّێت: ئەوسوودەی مرۆڤ لە وەرزش وەردەگرێت، لەهیچ بواریکی تر وەری ناگرێت، هەر بۆیە دایکم باوکم زۆر هاندەرمن لە بەشداری کردنم لە خولی هاوینی لە وەرزش کە ئێستا سواری پایسکل دەبم و بەردەو وەرزش کردن دەچم، لام وایە لە ژیانێکی ترم، هێندە خوش و بەسووە، بۆیە داوام لە هە موو کەسێکە کە وەرزش بکەن.

ئەمڕۆ لە یارییەکانی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا:
عێراق لەبەردەم ئەرکێکی ئاساندا ڕووبەڕووی سوریا دەبێتەوە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ پێنجشەمە لەیاریگای نێودەوڵەتی کەربەلا، یارییەکانی کۆمەڵەی یەکەمی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی پێ لەنێوان هەڵبژاردەکانی عێراق و سوریا، یەمەن ولوبنان بەڕێوەدەچێت.

لەیاری یەکەمدا کاتژمێر 7؟30خولەک هەردوو هەڵبژاردەی عێراق وسوریا لەیارییەکی ماماوەندی دا ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە، ئەو یارییە بۆ هەڵبژاردەی عێراق یارییەکی زەحمەت نابێت بەپێی پێوەری ڕێزبەندی کۆمەڵەکە، بەتایبەتی تیپی بەرانبەر کەهەڵبژاردەی سوریایە لەدوویاری ڕابردوودا تەنها 1خاڵی دەستەبەرکردووە و لەپلەی چوارەمی ڕێزبەندی کۆمەڵەی یەکەمدا جێگیربووە، لەبەرانبەردا هەڵبژاردەی عێراق لەکۆمەڵەکەی خۆیدا خاوەنی 2بردنەوەیە و 6خاڵی لەم دوو یارییە بەشایستەیی کۆکردۆتەوە، بردنەوەی عێراق بەرانبەر سوریا لەم یارییەدا ڕاستەوخۆ بەپلەی یەکەم سەردەکەوێت بۆ قۆناخی کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە.

لەلایەکی دیکەوە هەر لەهەمان کۆمەڵەدا و لەیاری دووەمدا کاتژمێر 10؟30خولەک هەردوو هەڵبژاردەی یەمەن ولوبنان لەیاریگای نێو دەوڵەتی کەربەلا بەیەکدەگەن، لوبنان لەکۆی دوو یاریدا 4خاڵی کۆکردۆتەوە، لەبەرانبەردا یەمەن لەدوو یاریدا تەنها 1خاڵی هەیە، بردنەوەی لوبنان لەیەمەن ئەوا کۆی خاڵەکانی دەگەیەنێتە 7خاڵ ، بەپێچەوانەوە ئەگەر یەمەن لەیاریەکە براوە بوو، ئەوا کۆی خاڵەکانی یەمەن دەبێتە 4خاڵ و هەنگاوێک لەڕێزبەندی کۆمەڵەکە دەچێتە پێشەوە.



بۆ یەکەمجار کوردستان بووە پاڵەوانی جیهان

هەمزە سەرحان / خەبات

تیمی کوردستان ڕایسینگ بەسەرکردایەتی ئیسحاق تۆتوملو بووە پاڵەوانی کێبڕکێیەکانی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل .لە شاری ئۆشیرسێل بینی سەر بە ناوچەی بۆیردێ لە هەرێمی سەکسۆنیای ئەڵمانیا، پاڵەوانێتیی جیهان لە یاربی پێشبڕکێیەکانی ئۆتۆمبێل لە جۆری دی ئێمڤی، جیتیسی، دەستیانپێکرد و کوردستان ڕایسینگ تیم بووە پاڵەوانی جیهان. ئیسحاق ریکۆرد و مێژوویەکی گرنگی بەناوی کوردستانەوە نووسییەوە، دوای ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ تیمی کوردستان ڕایسینگدا بوونە پاڵەوانی ئەم پێشبڕکێیە.توتوملو لە ڕۆژی هەینی یەکەمدا کە کێبڕکێیەکان وەک پالاوتن بوو و بارانێکی زۆر باری و تاکە شۆفێر بوو کە توانی بە 1.41خولەک ماوەکە ببڕێت، لە ڕۆژی دووەمیشدا زۆر بە زەحمەت بەسەر کینس هایەردا سەرکەوت و بووە پاڵەوان و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.مانگی ڕابردووشدا لە کێبڕکێیەکی جیاواز لەم پاڵەوانێتییە توتوملو یەکەم نازناوی لەگەڵ تیمەکەیدا بەدەستهێنا.ئیسحاق توتوملو لۆڕێز، شۆفێرێکی کەتەلۆنییە و ئۆتۆمبێلەکەی لە جۆری ئاودییە، بەرەچەڵەک کوردە و پێشتر لە تیمی بارزانی ڕایسینگ بوو، بەلاّم ئیستا تیمی کوردستان ڕایسینگی دامەزراندووە.



سافارۆڤا تازەترین وێنەی بلاّودەکاتەوە



لۆسی سافارۆڤای تینسزان کە ئێستا بەهۆی نەخوشیەوە لە یاریگاکان دوور کەوتۆتە، بەردەوام لەگەڵ سەگەکەی لەماوە کات بەسەر دەبات و پێی وایە ئەو سەگە کە ناوی ڕۆکیە یەکیکە لە هاوڕی نزیکەکانی و زۆر دڵخۆشە لەگەڵی.

سافارۆڤا کە ماوەیکی کەمی ماوە ببێتە دایک، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرامی تایبەت بەخۆی وێنەیەکی تازەی خۆی و سەگەکەی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا سکیشی دەرخستووە بەومانایە نزیکە بۆتەوە لە منداڵ بوون و لەخوار وینەکەش نوسیویەتی: ڕۆکی تۆ زۆر خۆشەویستی، هەمیشە بەیەکەوە دەبین، تۆ تەنیایت لەبیر بردومەتەوە.

ئەوە سەرەتایە..
دی یۆنگ ڕەخنە لە ڤالڤێردی دەگرێت

دی یۆنگ هەرایەکی نایەوە دوای ئەوەی خەڵاتی باشترین یاریزانی لە یاربیەکەی بەرشلۆنە و ئەرسنال پی بەخشرا.

دی یۆنگ دەلّێت: یانەکەمان ئاستێکی خراپی پێشکەشکرد، پێویستە خێراتر تۆپەکان بگوازرێنەوە و فشار بخرێتە سەر یاریزانی بەرامبەر، ئەم لێدوانەی دی یۆنگ ئەوە دەگەیەنیت کە ڕەخنەی لە فەلسەفەی ڕاهینەر ڤالڤێردی هەیە.

میدیاکانی نزیک لە بەرشلۆنە ئەوەیان بڵاو کردەوە کە سەیرەکە لەوەدایە کە دی یۆنگ ئەو ئاستەی پێشکەش نەکرد کە چاوڕەوانی لێدەکرا، لەوڵاشەوە ئاگاداری گیمی دووەم نەبوو چونکە بەرشلۆنە لە گێمی دووەم ئاستیکی بەرزی پێشکەش کرد.

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/8/8 ژمارە (5807)
بۆ بەیەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



ناوبژیوان وشەترەنجزانێکی ڤەنزوێلی لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (خەبات)دا

مۆنیکا: هەڵەیەکی گەورەیە بەبێ شارەزایی لە یاساکانی ناوبژیوانی، زوو بڕیار بدەیت



دیمانە: هاوار مورتکەیی

مۆنیکا دیانا خائمە ناوبژیوان و شەترەنجزانێکی ولاتی ڤەنزوێلایە لە سالی 1994لە شاری سانتاکروز لەدایک بووە، تا تەمەنی 12سالی هەموو سالێک لەسەر ئاستی ولاتەکەی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، دواتریش چەندین جار نوێنەرایەتی ڤەنزوێلای کردووە لە پاڵەوانێتییە نیودەوڵەتییەکانی ئەمریکا و دورگەی کاریبی، لە پال هەموو ئەمانەش هەڵگری بڕوانامەی شارەزایە لە ناوبژیوانی، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامداوە.

*** سەرەتای ئاشنابوونت بە شەترەنج لەکەیەوە دستی پێکرد؟**

-باوکم زۆر پەرۆشی ئەوە بوو فێری یاری شەترەنج بم، رۆژێک برایەکەم ئاگاداری کردمەوە کە لەنزیک ماڵەکەی خۆمان قوتابخانەیەکی فێربوونی شەترەنج هەیە، ئەوەبوو بەمەبەستی فێربوونی ئەو یارییە پەیوەندیم بەو قوتابخانەیەوە کرد، بەردەوام بووم تا باش فێربووم و بوومە شەترەنجزانێکی باش و زۆر لەگەڵی خۆم ماندوو کرد و یەکەم بەشداری فەرمیشم لە سالی 2005بوو لە پاڵەوانێتی خوار 12 سال.

*** کاری ناوبژیوانی چۆن دەبینی؟**

-وەک پیشەیی سەیرم کردووە و زۆر بەختەوەرم کە ناوبژیوانی پاڵەوانێتییەک دەکەم، بەتایبەتیش پاڵەوانێتییەکانی تازەپێگەیشتوان و لاوان، لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەرەتادان و بەشێوەیەکی دروست بنەما سەرەتاییەکانی شەترەنج فێربوونە.

*** چۆن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی تازەی ناوبژیوانی هماهەنگی دروست دەکەی؟**

-من یاسا تازەکان پەیڕەو دەکەم کە لە لیژنەی ناوبژیوانێتی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی دەردەچن و زوو زوو ئاگاداری بڕیارە تازەکانی فیدام، لەیاری خێرادا هەر هەڵەیەکی بچووک ڕووبدات دەبێتە دۆڕانی یارییەکە بۆ خاوەنی هەڵەکە، لێرەدا دەبێ زیرەکانە مامەلە لەگەڵ یاساکان بکەیت و ناکرێت بەبێ شارەزایی لە یاساکان زوو بڕیاربدرێت.

*** ئایا پەشیمان نی لە تێکەڵبوونت بەشەترەنج؟**

-هەرگیز پەشیمان نیم لە دەستنیشانکردنی ئەو وەرزشە، پێم وایە دروستترین بڕیار کە لە ژیانمدا دابم ئەو بڕیارەبوو کە شەترەنجم هەڵبژارد.

*** شەترەنج لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-شەترەنج بەلای منەوە هەموو شتێکە، خۆشەویستییەکی گەورەم لەگەڵ شەترەنج هەیە و زۆر تام و چێژ لە یاری شەترەنج وەردەگرم، ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە شەترەنج پەشێکی گەورەیە لەناو ژیانمدا.

*** ئەو شانازییانە چین کە تۆ لە یاری شەترەنج بەدەستت هێناون؟**

-دەتوانم ئاماژە بەهەندی لەو دەسکەوتانە بکەم کە شانازی پێوەدەکەم، لەوانە تا تەمەنی 12سالی لە ناستە جۆراوجۆرەکان پلەی یەکەمم لە ڤەنزویلا بەدەستهێناون، نوێنەرایەتی هەڵبژاردەی ڤەنزویلام کردووە لە چەندین بۆنەی نیودەوڵەتیدا، لەوانە لە یارییەکانی ئەمریکای ناوەراست و ناوچەی کاریبی تا سالی 2009کە لە مەکسیک بەڕێوەچوو، دواتریش بڕوانامەی ناوبژیوانی نیودەوڵەتیم بەدەستهێنا، لە پاڵ ئەمانەشدا جارجارە منداڵان فێری شەترەنج دەکەم و شارەزاییەی کە هەمە بۆ ئەوانی دەگوازمەوە.

*** واتە خەونەکانت هاتوونەتەدی؟**

-ئەمڕۆش هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانم دەدەم بۆ ئەوەی بەخەونەکانم بگەم، بەتایبەتیش لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی WFM, IM?بڕوایەکی زۆریشم بەخۆم هەیە کە بتوانم لەداهاتوودا بەخەونەکانم بگەم.

*** شەترەنج چ پەیوەندییەکی بە ژیانی ڕۆژانەتەوە هەیە؟**

-شەترەنج زۆر یارمەتیدەرم بووە لە وەرگرتنی بڕیاری دروست و لەجێ، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن لە ژیانی ڕۆژانەمدا بیدەم، شەترەنج هانت دەدات لەپێش هەر هەنگاوێکدا بیر بکەیتەوە، تا دەگەیتە بڕیارێکی دروست، جا ئەو بڕیارە بچووک بێت یان گەورە، لەهەمووی گرنگتر ئەو وەرزشە بەکەسانێکت دەناسێنێ کە ئەهلی ڕۆشنبیر و خاوەن کەسایەتین، ئاشنایەتیت لە کلتوری گەلان دەبێت، گەشتی جۆراوجۆر کە لەهەر گەشتێکدا دەیان وانەی ژیان فێردەبیت.

شەترەنج یارمەتیدەرێکی گەورەم بووە لە دروستی بڕیاردان لە ژیانی ڕۆژانەمدا



کۆستا

بەشداری یارییەکەی یۆڤینتۆس ناکات

سایتی ئۆنز مۆندیال ڕایگەیاند کە دیگۆ کۆستای ئەستێرەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بەشداریی یارییە دۆستانەکەی نێوان ئەتلەتیکۆ و یۆڤینتۆس بکات کە بڕیارە شەممەی داهاتوو یارییەکە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەبچێت.

کۆستا لەیارییەکەی بەرامبەر ڕیال مەدرید کەڕۆخی بلانکۆ 3-7یارییەکەیان بردەوە، بەکارتی سوور دەرکرا، بەگوێرەی سیستم و ڕێنمایی پاڵەوانێتییەکەش وەک سزایەک ڕێگای پی نادرێت لە یارییەکەی داهاتوویان بەرامبەر یۆڤینتۆس یاری بکات.

جیی یاسە دۆیتا لە یاریی چوونی قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەشداریی یارییەکەی یۆڤی کرد بەڵام دیسان لە یاری گەڕانەوەدا وەک ئەمجارە نەیتوانی بەشداری بکات.



میوانێکی لەناکاو لەناو فرۆکەی بەرشلۆنە

بڕۆس: زەحمەتە ئەوەی پینیتز بەدەست بێنم



ستیڤ بڕۆسی ڕاهێنەری یانەی نیوکاسل یونایتدی ڕای خۆی دەربڕی بەوەی زۆر زەحمەتە بتوانێت شوێنگرەوەی پینیتز بێت، بەڵام هیواحوازە بتوانێت دەرفەتی سەرکەوتن بۆ تیپەکەی دەستەبەر بکات. بڕۆس دەڵێت: ڕافا خاوەن جەماوەرێکی گەورەیە، هەروەها بڕوا ناکرێت ژمارەی لایەنگرانی چەندن، ئەوەی لە لایەنگرانی ئەو داوام کردووە کە دەرفەتیکم پی بدەن ئینجا بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە چیم کردووە.



خۆسیە مانوێل پینتۆی گۆڵچی پێشووی یانەی بەرشلۆنە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لەناو فرۆکەیی بەرشلۆنەن بەرەو شاری میامی.

لەوێنەکەدا هەریەک لە سێرجیۆ ڕۆبیرتۆ و جیرارد پیکێ و سێرجیۆ بۆسکیتچ بەزەردەخەنەوە دەرکەوتوون، پینتۆش لەخوار وێنەکەدا بە وشەیەک نووسیویەتی یەک خێزان.

جێی باسە پینتۆ لەماوەی نێوان ساڵانی 2008تا 2014لە بلۆگرانا یاری کرد و لەو ماوەیەشدا 16نازناوی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەدا بەدەست هێناوە، کە ئەوکات گۆڵچی یەدەگی بەرسا بوو لەدوای ڤیکتۆر ڤالدێز.

مۆیس: بەختم هەبوو لەپاڵ ڕۆنالدۆ یاریم کرد



مۆیس کینی ئینگلیزی کە تازە چووەتە یانەی ئیڤەرتۆنی ئینگلیزی ڕوونی کردەوە ئەو زۆر بە بەخت بووکاتێک لەپاڵ ڕۆنالدۆ یاری کردووە.

سایتی فەرمی یانە ئیمگلیزیە لێدوانەکانی ئەو یاریزانەی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت: زۆر بەبەخت بووم لەتەنیشت رۆنالدۆ یاریم کرد، ئەوەی لەو فێربووم هەوڵ دەدەم لێرە ئامادەی بکەم، هەروەها گوتی: بەهۆی ڕەگەزپەرستییەوە ئیتاڵیام جێنەهێشتووە، پیویستە هەموومان بەڕەنگاری ئەمە ببینەوە، من یەکێکم لە سەرسامی بە یانەی ئیڤەرتۆن و خولی ئینگلیزی، هەر بۆیەشە بڕیارم دا بشمە خولی ئینگلیزی، هەر یاریزانێک لەیانەیەکەوە دەچیتە یانەیەکی تر دەیەویت خۆی بسەلمێنێت، منیش بۆ ئەوە هاتوومەتە ئیڤەرتۆن تا خۆم بسەلمینم،

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریی‌یەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 8. Aug. 2019 No: (5807)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

بەئەڵمانی کتێب لەسەر بارزانی نەمر دەنووسێت و پێویستی بەوێنەیە

مەریوان عەبدوڵڵا: لەئەڵمانیاوە هاتومەتەوە بۆ ئەوەی وێنەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی بەرمەوە بۆ کتێبەکەم


دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

مەریوان عەبدوڵڵا نووسەر و هونەرمەند ، دەرچووی هەنەرەجوانەکانی هەولێر، لەڕێزەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە بەبرسی هونەری بووە، کار و چالاکیەکی بەر چاوی هەبووە لەهەمەوو بۆنە نیشتمانییەکان، خاوەن سروودی ئاڵای زەردە کە نووسین و ئاوازی خۆی بووە، ، لە ساڵی ١٩٩٩ بەرەو هەندەران ڕۆشتووە وئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەردەبات و بەردوامە لەکاری نووسین و هونەر وەکو وەرگێڕی گشتی لە ئەڵمانیا کار دەکات،نووسەر بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی ،ئەڵمانی) قسەدەکات،نووسەرلەدوای گەڕانەوەی بۆکوردستان سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی خەباتی کرد و لەلایەن سەرنووسەر و بەرپرسی هونەری ڕۆژنامە پێشوازی لێکرا ، بەدەرفەتمان زانی ئەم دیمانە کورتەمان لەگەڵ سازدا:



بەرهەمەکانی نووسەر

سەرەتا مەریوان عەبدوڵڵا گوتی:لەساڵی(١٩٩٦) یەکەم کتێبم بە ناوی(مجد البارزانی الخالد) بەشی یەکەم بە زمانی عەرەبی لە هەولێر لە چاپ داوە، لە ساڵی ٢٠١٣ بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیە لە ئەڵمانیا چاپ کرا و لە کوردستان بڵاوی کرایەوە، لەسەرەتای ساڵانی ٩٠ لە ڕۆژنامەی خەباتی عەرەبی وەکو نووسەرێک بەردەوام بابەتم بڵاو کردوە، لەساڵی ٢٠١٦ دەستم بە نووسینی کێتێبی (Barzani und die his-torische Reise)بارزانی و سەفەرە هاوچەرخەکەی، کە بەزمانی ئەڵمانیە و لە ماوەیەکی نزیک لە گەورەترین چاپخانەکانی ئەڵمانیا لە چاپ دەدرێت.ئەم کتێبە وەکو ڕۆمان داڕێژراوە، باسی خەباتی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی لە کۆماری مەهاباد تا یەکێتی سۆڤێت وگەڕانەوەیان بۆعێراق، بە وێنەو شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش داڕێژراوە و نووسراوە،



وێنەی بارزانی پێویستە

نووسەر دەڵێت: بەراستی زۆر ماندوو بووم تا ئەم وێنانەی بارزانی و هەڤاڵەکانیم پەیداکرد لەڕێگای ئەنتەرنێت و پەیوەندی لەگەڵ نووسەرانی کورد لە ڕوسیا ، بەڵام بەداخەوە لەڕوی کووالێتیی باش نیە، بۆیە هەوڵم دا چاوم بە سەرۆک بارزانی بکەوێت بۆ ئەم بابەتە. بۆ ئەوەی وێنە ئەسڵەکانی بارزانی نەمرم بۆ تەرخان بکەن. زۆر گرنگە ئەم کتێبە بەوێنەی کوالێتی بەرز چاپ بکرێ و زیاتر پشتگیری و پشتیوانیم بکەن بۆ ئەم کارە مەزنە، هیوام وایە لە کاتێکی نزیک چاوم بە سەرۆک بارزانی بکەوێت.تەنها مەبەستم لەبینینەکەش ئەوەیە کەوێنەی بارزانی نەمرو هەڤاڵانیم پێببەرێت بۆ کتێبەکەم.

نووسن بەئەڵمانی لەسەربارزانی نەمر

مەریوانی نووسەردەڵێت: بارزانی نەمر خۆی یەکێکە لەسەرکردەکانی جیهان و زیاتر ئەتوانین بڵێین ، پێوویستە بە هەموو زمانێک دەربارەی بارزانی وخەبات و شۆڕشە پیرۆزەکانی بکرێتە کتێب، تا هەموو دونیا بزانن بارزانی کێیە و چۆن هەموو ژیانی خۆی بۆ خاک و نیشتیمان تەرخان کردبوو. بۆیە دەبێت گەورەو و بچووک بیخوێنن وبزانن کورد سەرکردەی وامەزن و لێهاتووی تیا هەڵکەوتووە.

ئەڵمانییەکان و بارزانی

نووسەر دەربارەی کەسایەتی بارزانی نەمر لای ئەوروپی و ئەڵمانییەکان دەڵێت:بێگومان بارزانی نەمر بەهۆی خەبات و بەرخودانەکەی لەهەموجیهان



مەریوان نووسەری کتێبی بارزانی نەمر

ناسراوە و ناسنامەی جەنارالی پێداراوە،لای کەسایەتییە جیهانییەکان و بەتەمەنەکانی دنیا بارزانی ناوێکی دیار و درەوشاوەیە ، بۆئەوەی نەوەی نوێش بەوکەسایەتییە ئاشنابن پێویستە بەزمانە جیاجیاکانی جیهان لەسەربارزانی نەمر بنووسین،من زۆر نیگەران دەبم کاتێک باسی بارزانی ئەکەم وپرسیارم لێ بکرێ بارزانی کێییەو چی بووە؟ بە تایبەتی ئەم نەوەییەی ئێستا ، جگە لە ئەمانەکان بەداخەوە کوردەکانیش ئەمانەی لە ئەڵمانیا و ئەورووپا لە دایک بوون، زۆر شارەزاییان نیە یاخود دەربارەی خەبات و شۆڕشە پیرۆزەکانی بارزانی نەمر نازانن، ئەویش بەهۆی ئەوەی خوێندەواری و نووسینی کوردی یان نیە،بۆیە بەگرنگم زانی کە کتێبێک بەزمانی ئەڵمانی بنوسم و هەموو ئەڵمان و ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا ئەژن دەربارەی ئەم سەرکردە مەزنە بخوێنن و ئاشنابن بەجەنەرال بارزانی نەمر

پشتیوانی بۆچاپ کردنی کتێب

مەریوان دەربارەی پشتیوانی بۆبەچاپکردنی ئەم کتێبە گوتی: بەهۆی ئەوە ئەم کتێبە بەشێوەکی زۆر جیاواز لە ڕووی کوالێتێ و جۆری کاغەز و نەخشەسازی بەرگ، تێچووی زۆرە لە ڕووی مادیەوە، بۆیەلەتوانای منداڵ نەبوو بەسوپاسەوە دەزگای خێر خوازی بارزانی لە بەرنامەی دایە کە چاپ کردنی ئەم کتێبە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، زۆر لام گرنگە لە ژێر لۆگۆی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە چاپ بدرێت، زۆر سوپاسی هەڵوێست و پشتیوانییان دەکەم.

ئامانجی گەڕانەوە بۆ کوردستان

لەدوومانگیدا نووسەردەربارەی هۆکاری گەڕانەوەی بۆکوردستان دەڵێت :پێش دوو هەفتە گەڕامەوە کوردستان، تایبەت بۆ مەبەستی پەیداکردنی وێنە بۆ کتێبەکەم لەسەربارزانی نەمر کە ئێستا لە چاپخانەکانی ئەڵمانیا ئامادەیە بۆ چاپ. تەنها چەند کارێکی بچووکی ماوە ئەویش وێنە ئەسڵەکانە بەهیوام بە دەستم بکەوێت.

ئەحلام حەجی سەردانی خانەی نەوجەوانانی هەولێر دەکات

ئەحلام حەجی: ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانی جەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خێزان باجی هەڵەیەک دەدەن کە گەورەکان ئەنجامیانداوە



ئەحلام حەجی،شاجوانی پێشووتری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست



لە میانەی کار و چالاکییە مرۆییەکانی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی (احلام الطفولە)، شاجوانی پێشووتری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەحلام حەجی سەردانی نەوجەوانانی کوڕ و کچانی هەولێری کرد و بەبۆنەی نزیک بوونەوەی جەژنی قوربانی دیاریی جەژنی پێشکەش کردن.سەبارەت بەم سەردانەی ئەحلام حەجی رایگەیاند: دوای ئەوەی نازناوی شاجوانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم بەدەست هێنا ، پەیامی من وەک شاجوانێک بریتی بوو لە یارمەتیدانی منداڵانی بێ نەوا و سەرپەرشت، بۆیە ڕێکخراوێکم دامەزراند بە ناوی (احلام الطفولە) بۆ یارمەتیدان منداڵان لە وڵاتی مەغریب، بەڵام دواتر بە پێویستم زانی کارەکانی ڕێکخراوەکە فراوانتر بکەم، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری منداڵانی چەند وڵاتێکی ئەفریقیم کرد، هەروەها سەردانی کەمپی هەرشەمم کرد لە پاریزگای هەولێر کە تایبەتە بە ئاوارەکانی موسڵ و بەپێی ئەو توانایەی کە هەیە هاوکاریم کردن، دواتر لە شاری بەغداش چەند کارێکم بۆ منداڵان ئەنجامدا، هەروەها دوای ڕزگار کردنی شاری موسڵ بەشداریم لە هەڵمەتێکی ئاوەدان کردنەوەی شارەکە کرد کە بریتی بوو لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی سەدان خانوو کە لە ئەنجامی شەڕەکاندا وێران ببوون.سەبارەت بە سەردانی بۆ خانەی نەوجەوانانی هەولێر ئەحلام حەجی وتی: حەزم دەکرد ڕۆژی جەژن لەگەڵ ئەو کوڕ و کچانە بکەمەوە کە لە خانەی نەوجەواناندان، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانم بۆ جەژن لێرە بم بڕیارمدا پێش جەژن سەردانیان بکەم و دیاری جەژنیان پێشکەش بکەم، چونکە ئامانجی من ئەوەیە خەندە بخەمە سەر لێوی ئەو منداڵانە و ئەوەش پەیامی منە لە ژیان، ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە کە لە نێو ئەم نەوجەوانانەدا کەسانی بە توانا و زیرەک هەن لە گشت بوارەکاندا بەتایبەتی خوێندن کە سەرەڕای گرفتەکانیان لە ژیاندا ئومێد ئەوەیان لێدەکرێت کە کەسانی سەرکەوتوو و بن و سوودیان بۆ وڵاتەکەیان هەبێت.هەر سەبارەت بە سەردانەکەی ئەحلام حەجی وتی: لێرەدا دەمەوێ سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرپەرشتانی ئەم خانەیە بکەم بۆ ئەو ئەرکەی کە دەیگێڕن لە پێناو خزمەتکردنی ئەو کەسانەی لەو خانەدا ژیان بەسەر دەبەن و لەبەر هەر هۆکارێک بێت لە کەسوکار و دایک و باوکیان دابڕاون، ئەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی پێشکەشیانی دەکات مایەی ڕێز و تەقدیرن و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ دەخوازم لەو ئەرکەی مرۆییەدا.

ئەحلام حەجی هەروەها وتی: ئەو منداڵانەی دەبنە قوربانی جەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو خێزان باجی هەڵەیەک دەدەن کە گەورەکان ئەنجامیانداوە، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە بەتایبەتی کەسانی خواپێدا و ڕێکخراوەکان بە هەموو شێوەیەک کە هاوکاریان بکەن.